دەزگای میدیایی کەرکوک دەریدەکات
تصدر عن مؤسسة كركوك الاعلامية

گۆڤاری TV مجلة

کانونی یەکەم 2021
8

من اوائل الافلام الغنائية في كوردستان
الفلم الكوردي (تمثال القلب)

شێروان کەرکوکی :
مەلەکردن پێچەوانەی دەریا
تەنیا ماندوبونی ئەو کەسەی
لێئەکەوێتەوەو بە ئامانج ناگات

هێمن حسێن :
هونەری باڵاو سەرکەوتوو،
ئەو هونەرەیە کە بەڕاستی
لەناخی هونەرمەندەکەوە
هەڵدەقوڵێت

گۆڤاری TV مجلة

لەم ژمارەیەدا

تیپی هونەری میللی برایەتی لە کەرکوک

ل ١٤ ....



تەکیەی تاڵەبانی لە بیرەوەری مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دا

ل٢٠ ....



الاديب والكاتب فاروق مصطفى: كركوك هي هي المبتدأ والمنتهى، مبتسمي ومبكاي

ص ٤٠ ....

ملتقى افلام مخرجي كركوك السينمائي

ص ٤٣ ....

مجلة شهرية عامة
تصدر عن مؤسسة كركوك الاعلامية باللغتين الكوردية والعربية

رقم الاعتماد في نقابة الصحفيين العراقيين ١٩١٩ في ٢٠٢١/٤/١٩

گۆڤارێکی مانگانەی گشتییە دەزگای میدیایی کەرکوک بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەریدەکات

ژمارەی سپاردن لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق ١٩١٩ لە ٢٠٢١/٤/١٩

سەرپەرشتیاری گشتی - المشرف العام
عیماد ناسیح

سەرنووسەر - رئيس التحرير
ڕەوان تاڵیب

دیزاین - تصميم
دڵشاد زەنگنە

بۆ ڕیکلامکردن - للاعلانات

KRT

07707273939
07503203929

زۆنی سەوز.. ئاوەدانی لە پەراوێزی ململانێکاندا

ئەحمەد ڕەفیق

هەرچەندە فاکتەرەکانی گەشەسەندن زۆرن، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاستەنگەکانی بەردەمیشی زۆر زیاترن، بۆیە دەبێ بە بەرنامە و پلانەوە هەوڵی ئاوەدانی بدرێ و نەهێڵدرێ تێکەڵ بە ململانێ سیاسی و کەسییەکان بکرێ، گەر ئەمە ڕوویدا هەم پڕۆسەی ئاوەدانی پەکی دەکەوێ، و هەمیش سیاسەت هیچ مانایەکی نامێنێ، چونکە لە بنەڕەتدا؛ سیاسەت بۆ چاکەی گشتییە، و هەوڵی فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی و ڕێکخستنەوەی سیستمی حکومڕانیی دەدات.

لەم ڕووەوە خراپترین ئەو دیاردانەی کە لە دوای ڕاپەڕینەوە لە شاخەوە بۆ شار گوازرانەوە؛ بوونی ئەو «رق و کینە و ململانێیانەی «شاخ» بوو کە دواتر تێکەڵ بە مەسەلەی سیاسەت و حکومڕانی کرا لە قۆناخی شاردا.

بە داخەوە بەشێکی زۆری ئەو ململانێیانە نا مۆڕاڵ بوون، بە ئەندازەیەك گەیشتە ئێسك شکاندن! ئەو دیاردەیەش زەبری کوشندەی لە جۆر و شێوازی حکومڕانی کورددا، بە پلەی یەکەمیش لە یەکێتیی و ئینجا زۆنی سەوز! چوون سەخترین و دوورو درێژترین ئەو ململانێیانە لە زۆنی سەوز و لە ناو «یەکێتیی»دا بوون، بە نەتیجەش کاریگەری خراپیان کردە سەر لایەنی حکومڕانی. لە ئێستاشدا لێکەوتە و درهاویشتەکانی ئەو ململانێیانە زۆر ئاسانی درکیان پێدەکرێ.

لەم سۆنگەیەوە هەتا ئەو ململانێ و رق و کینانە درێژە بکێشێ.. زیانی زۆرتر بەر یەکێتیی و زۆنی سەوز دەکەوێ، و بە نەتیجەش یەکێتیی ناتوانێ بپرژێتە سەر لایەنەکانی دیکەی ژیان کە لە ئێستادا داواکاری و خواستێکی زۆری هاولاتیان و بگرە خودی کادیر و ئەندامەکانی ئەو حزبەشی لە سەرە! بۆ ئەم قسەیەش ئەوەندە بەسە بەراوردێك لە نێوان «هەولێر و سلێمانی»دا بکرێ تا لە قەبارە و زیانی ئەو ململانێیانە تێبگەین کە چ کاریگەرییەکی قووڵ و خراپیان لە سەر دەستەبەرکردنی خواست و داواکارییەکانی دانیشتوانی زۆنی سەوزدا هەبووە.

ئەڵبەتە ڕەنگدانەوەی ئەو ململانێ و کێشمە کێشانە وایکرد؛ خەڵکانی هەلپەرست و نا شایستە، بخزێنە نێو حزب و حکومەتەوە و شوێنی کەسانی شایستە و پاك بگرنەوە. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی؛ دەسەڵات بە خراپی بەکار بهێنرێ و گەندەڵی و پیسخۆری ڕەواجی زیاتری پێ بدرێ و قەبارەی زیانەکانی زۆر زیاتر بێ لە قازانجەکانی.

ئێتر کاتی ئەوە هاتووە؛ یەکێتیی موڕاجەعەیەکی زۆنی سەوز و ماڵەکەی خۆ بکاتەوە، لە بری ئەو هەموو ململانێ بێ ئاکامانە، هەوڵی زیاتری دەستەبەرکردنی ئاوەدانی بدات، و بێ چەند و چوون؛ کێ بە کەڵکی حکومڕانی و حزب دێ، ئاوڕی لێبداتەوە، و کێش مشەخۆر و بێ کەڵك و هەلپەرستە دوور بخرێتەوە، لانیکەم بۆ ئەوەی؛ قەرەبووی ساڵانی لە دەستچوو بکرێتەوە و زۆنی سەوز ئاهێکی بە بەردا بێتەوە.

ژمارە (٨) کانونی یەکەم ٢٠٢١

ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی هاوبەشی نێوان پێشمەرگـــەو سوپا ئومێد بۆ ناوچە جێناکۆکەکان دەگەڕێنێتەوە

لەماوەی چەند هەفتەی پێشوودا، جموجۆڵ و پەلامارەکانی داعش لە سنوری کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان بە شێوەیەك زیادیکردووەو هەر جارەو بە شێوازێك پەلاماری سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەو هێزە ئەمنییەکانی عێراق و گوندنشینان دەدەن و تائێستاش بە هۆی پەلامارەکانەوە، چەندین قوربانی لە ریزەکانی پێشمەرگەو هێزە عێراقییەکان و هاوڵاتی مەدەنی لەو سنورانە کەوتونەتەو چەندانی دیکەش برینداربوون.

بۆشایی ئەمنی کێشەکە گەورەکەیە

بۆشایی ئەمنی لە ناوچە جێناکۆکەکان، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی کە نەهێزەکانی پێشمەرگەو نە هێزە عێراقییەکان لێی جێگیر نین، بوونەتە شوێنێك بۆ حەوانەوەو مۆڵگەو حەشارگەی تیرۆریستانی داعش و هەر لەوێشەوە پیلان بۆ کردەوە تیرۆریستییەکانیان دادەڕێژن و پەلاماری پێشمەرگەو هێزە ئەمنییەکانی عێراق و هاوڵاتیانی مەدەنی دەدەن و دواتریش بەرەو شوێنە نادیارەکان هەڵدێن.

ئۆپراسیۆنی هاوبەش باشترین چارەسەر بۆ دۆخەکە

ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی هاوبەش لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگەو سوپا بۆ کێومالْکردنی داعش لەو ناوچانەی کە بۆشایی ئەمنییان تێدایە، لەگەڵ جێگیرکردنی هێزی هاوبەش لەو ناوچە گەرمانەی کە بەردەوام لە دوای لێکەوتەکانی ریفراندۆم و ڕووداوەکانی شانزەی ئۆکتۆبەرەوە بە بەتاڵی ماونەتەوە، دەتوانێت تا رادەیەکی باش، بەر بە پیلانگێڕییەکانی داعش بگرێت و دەرفەتی پەلامارو کردەوە تیرۆریستییەکانیان بە شێوەیەکی زۆر باش کەمبکاتەوە، لەو لاشەوە ئومێدێك بۆ دانیشتوانی ناوچە جێناکۆکەکان دەگەڕێنێتەوە، کە ماوەیەکە ترس و دڵە ڕاوکێیان لا دروست بوو، بە شێوەیەك بە رۆژ خەریکی کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بوون و بە شەوانیش ناچار بوون، بۆ خۆپاراستن لە مەترسی و هەڕەشەکانی داعش پاسەوانی لە خۆیان و ناوچەکانیان بکەن.

ئۆپراسیۆنەکان بۆ لەناوبردنی داعش بەردەوام دەبن

وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێم دەڵێت:» ئۆپەراسیۆنی هێزی پێشمەرگە بۆ روبەڕوبونەوەی تیرۆریستانی داعش بەردەوامە.

وەزیری پێشمەرگە، لە میانی کۆبونەوەیەکی لەگەڵ جەنەڕاڵ دۆسیج لێپرسراوی تیمی ڕاوێژکارانی باڵای هاوپەیمانان لە عێراق و هەرێم و وەفدێکی یاوەری، مەترسیەکانی ئێستای تیرۆریستانی داعش تاوتوێ دەکەن و جەختیش لەسەر هەماهەنگی و کاری پێکەوەیی دەکەن، بۆ روبەڕو بونەوەی تیرۆریستانی داعش لە ناوچەکەدا.

شۆڕش ئیسماعیل، وەزیری پێشمەرگە ڕایگەیاند: بەردەوامین لە ڕووبەڕوونەوەی تیرۆریستانی داعش، بە هەماهەنگی لەگەڵ سوپای عێراق و پشتیوانی بەردەوامی هێزەکانی هاوپەیمانان، هەروەها هەوڵدەدەین پێکەوە لەگەڵ سوپای عێراق، ئۆپەراسیۆنی زیاتر ئەنجام بدەین لەو ناوچانەدا.

ئۆپراسیۆنی پێشمەرگەو ئاسایش و پۆلیسی فیدراڵی

هەر لەو چوارچێوەیەشدا، هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش و پۆلیسی فیدراڵی لە ناوچەکانی غەرە و پەڵکانە ئۆپراسیۆنێکیان ئەنجامداو دەستگیرا بەسەر حەشارگەیەکی گەورەی تیرۆریستانی داعش و ڕووفاتی ١٣ پۆلیس و چەکداری حەشدی شەعبیش لە گۆڕێکی بە کۆمەڵدا دۆزرانەوە.

هاوکات چەند حەشارگەو مۆڵگەیەکی تیرۆریستانی داعش دەستی بەسەردا گیرا.

لای خۆشیەوە، عەقید شەماڵ عەبدلڕەحمان، بەڕێوەبەری ئاسایشی کوڵەجۆ رایگەیاند:» قۆناغێکی نوێی کاری هاوبەش لەنێوان ئەوان و سوپای عێراق لەناوچەکە دروست بووە و بەهۆی هەماهەنگی نێوانیشیان کاری هاوبەش و گەڕان لەو ناوچانەی بۆشایی ئەمنییان تێدایە چڕتر بۆتەوە، ئەوە جگە لە گۆڕینەوەی زانیاری و ئاگادارکردنەوەی یەکتر لەجموجوڵی تیرۆریستان.

عەقید «شەماڵ عەبدلڕەحمان» راشیگەیاند، لەئێستادا تیرۆریستان مۆڵگەیان نەماوەو بوونەتە گروپی بچوك و ناوەناوە دەردەکەون.

دابینکردنی کامێرای حەراری بۆ هێزەکانی پێشمەرگە

دابینکردنی کامێرای حەراری و کەرەستەو پێداویستییەکانی تر بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، یەکێکی ترن لەو پێداویستیانەی کە رۆڵی باڵایان دەبێت لە رێگریکردن لە هەڕەشەو مەترسییەکانی داعش.

حکومەتی هەرێمی کوردستانیش یەکێك لە پێداویستیە سەرەتایەکانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانی دابین کرد کە کامێرای حەراریە.

لەو بارەیەوە، وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی رایدەگەینێت:» بەشێك لە پێداویستییەکان بۆ سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە دابینکراون و دەست بە ڕاهێنان لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانیان دەکرێت.

لە ڕاگەیەنراوێکدا وەزارەتی پێشمەرگە هاتووە:»دوای کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگەو فەرماندە سەربازییەکان، بڕیاردرا، کە بەشێك لە پێداویستییەکانی سەنگەر بۆهێزەکانی پێشمەرگە دابین بکرێت.

رونیشکراوەتەوە، توانراوە بەشێك لەو پێداویستییانە بگاتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە.

ئاماژە بەوەشدراوە:» لە لەناو دیوانی وەزارەت و بارەگای لیواکانی پیادە، ڕاهێنان لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی بەشێك لەو پێداویستییانە دەکرێت.

هەماهەنگی پێشمەرگەو سوپا

دوای زیادبونی هێرشەکانی داعش لە دو هەفتەی رابردودا، چەند جارێك وەفدی هاوبەشی پێشمەرگەو سوپای عێراق لەئاستی باڵادا کۆبونەتەوەو چۆنیەتی بەرەنگاربونەوەی پەلامارەکانی تیرۆریستانیان تاوتوێکردوە بەتایبەت پڕکردنەوەی بۆشایی ئەمنی لە سنوری ناوچە جێناکۆکەکان، هەردولاش لەسەر هەماهەنگی بەردەوام و ئۆپراسیۆنی هاوبەش گەیشتونەتە رێککەوتن.

لەو چوارچێوەیەشدا لەماوەکانی رابردوودا، هێزەکانی پێشمەرگەو سوپای عێراق ئۆپراسیۆنێکی هاوبەشیان لەسنوری پارێزگای نەینەواو دیالە لە دژی چەکدارانی داعش دەستپێکرد.

هاوکات حەوت هەزار پێشمەرگەو سەربازی سوپای عێراق لە سەرەتای ئەم مانگەوە دەستیان بە مەشق و راهێنان کردوە، دوای تەواوبونی مەشقەکان کە ٦٠ رۆژ دەخایەنێت، تێکەڵ بە یەکدی دەکرێن و لیوایەکیان لە خانەقینەوە تاوەکو ناوچەی ناو شوان لە سنوری پارێزگای کەرکوك جێگیر دەکرێن ، لیواکەی دیکەشیان لە ناوچەی ناو شوانەوە تاوەکو بەنداوی موسڵ بڵاودەبنەوەو ئەو بۆشاییە ئەمنیانە پڕدەکەونەوە، کە لە نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراقدا هەن.

حزبە کوردستانییەکای کەرکوك پێشوازی لە کاری پێکەوەیی پێشمەرگەو سوپا دەکەن

حزب و لایەنە کوردستانییەکان لە کەرکوك، ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی هاوبەش لە کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگەو سوپا بە هەنگاوێکی گرنگ لە قەڵەم دەدەن.

حزب و لایەنە کوردستانییەکان لە کەرکوك، لە رۆژی ٢٠٢١/١٢/١٤ لە بارەگای مەڵبەندی رێکخستنی کەرکوکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کۆبونەوە، دوای کۆبونەکەش لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا کە لە لایەن رەوەند مەلا مەحمود، لێپرسراوی مەڵبەندی کەرکوکی یەکێتییەوە خوێندرایەوە، کە لە یەکێك لە خاڵەکانی کۆبونەوەکەدا هاتبوو، حزبە کوردستانییەکان دەستخۆشی لە هێزی پێشمەرگەو هێزە ئەمنییەکانی عێراق دەکەنبۆ هەماهەنگی و پێکەوە کارکردنیان بۆ کێومالْکردنی تیرۆریستانی داعش لە ناوچە جێناکۆکەکان.

میدیا... گوتار و بەرپرسیارێتی

تاریق کارێزی

میدیا و ڕاگەیاندن دوو زاراوەی هاوواتان. میدیا پەیڤێکی جیهانییە، ڕاگەیاندنیش پەیڤێکی خۆماڵییە. گوتاریش کرۆکی ئەو پەیامەیە کە دەزگا و دامەزراوە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن (چاپەمەنی، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ئەلیکترۆنی) بڵاوی دەکەنەوە. گوتاری هەر کەناڵێکی میدیاش لە چوارچێوەی پەیامێکدایە کە خودان و دامەزرێنەرانی کەناڵەکە دەیانەوێت بە خەڵك و ڕای گشتیی بگەیەنن.

بە گوێرەی نەریتی باو، دوای پەرلەمان، حکومەت و دادوەری، میدیا چوارەمین دەسەڵاتی کارای ئەم سەردەمەیە. نموونەش زۆرە کە ئەم دەسەڵاتە هەردەم تۆخمێکی گوشارە بۆ سەر هەردوو ناوەندی یەکەم و دووەمی دەسەڵات (پەرلەمان و حکومەت)، بۆ ئەوەی ڕێڕەوی سیاسەتێك بگرنە بەر، یان بڕیار و یاسای ئەوتۆ دەربکەن کە بە دەم خواستێکی ئابووری، سیاسی، مرۆیی، کولتووری، ژینگە و گەلێك خواستی دیکەوە بچن، لەو کاتەی بەدی هێنانی ئەم خواستانە، یان هەر یەك لەو خواستانە لە شوێن و کاتێکی دیاری کراودا، ئامانجی زۆر پەلە و هەنووکەیین. با نموونەیەك بهێنینەوە. لە کۆڕەوی ١٩٩١ی خەڵکی باشووری کوردستاندا، کەناڵەکانی میدیای بیندراو لە ڕێی گواستنەوەی دۆخی فرە زەحمەت و ئەستەمی خەڵکی پەراگەندەی نێو چیا و شیوی کوردستان و سەر سنووری هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا، هاوسۆزییەکی زۆر گەورەیان لەسەر ئاستی جیهان بۆ بە هاناوە چوونی خەڵکی کوردستان لە نێو ڕای گشتیی جیهاندا دروست کرد، ئەم هاوسۆزییەش بوو بە گوشارێك بۆ سەر حکومەتی وڵاتانی بڕیار بەدەست، تا ئەوەی بابەتی کۆڕەو گەیشتە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیاری ٦٨٨ بۆ دانانی نەوای ئارام لە سەرووی پانە هێڵی ٣٦ بۆ داڵدەدان و پاراستنی خەڵکی باشووری کوردستان لە زەبر و زەنگی سوپاکەی سەدام، دەرچوو.

لەم ڕۆژگارەدا میدیا بووە بە بەشێك لە پێداویستی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك. کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر هزر و زەین و ڕای خەڵکەوە هەیە. کوردیش ئەمڕۆ خاوەن سەدان کەناڵی میدیایە، لەم ڕووەوە باشووری کوردستان پێشەنگ و سەرقافڵەی میدیای کوردە، زۆرترین کەناڵی ڕاگەیاندن بە هەر چوار جۆرەکەیەوە لەم بەشەی کوردستاندایە. پاشان کوردی باکوور لە ڕووی ژمارەی کەناڵی میدیاوە بە پلەی دووەم دێن، کە ژمارەیەکی زۆر کەناڵی میدیایان لە دەرەوەی نیشتیمان دامەزراندووە. کوردی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاڤاش بە پێی توانا و هەلومەرجی سیاسی و ئابووری، کەم تا زۆر هەمەجۆر کەناڵی میدیایان هەیە.

هەر کەناڵێکی میدیا گوتاری خۆی هەیە، ئەو گوتارەش لە لایەن خاوەن یان دامەزرێنەری کەناڵەکەوە دیاری دەکرێت. هەر گوتارەش کۆمەڵێك ئامانجی لە پشتەوەیە. ئەگەرچی هەموو گوتارێك بە ڕێژەی جودا جودا کار لە هەست و هۆش و بیری خەڵك دەکات، ئەوەش دواتر پەل بەرەو گەڵاڵە بوونی ڕا و بۆچوونی چەسپاو و خەملاندنی دیدی ئەوان سەبارەت بە گەلێك پرس و بواری هەمەجۆری ژیان دەهاوێت. لە بنەڕەتدا میدیا بۆ گەیاندنی ڕاستی و داکۆکی کردن لە ماف و داد و یەکسانی و گەلێك بەهای دیکەی بەرزی مرۆڤایەتی دامەزراوە، هەروەها بۆ بڵاو کردنەوەی ئاشتی و تەبایی و پێکەوە ژیان و یەکتر قبووڵ کردن، وێڕای ئەوە زۆر جار میدیا ئێتیك دەشکێنێت و لە ئاکار لا دەدات، دەبێتە ئامرازێك بۆ بڵاو کردنەوەی چەوتی و پڕوپاگەندە و چەواشەکاری.

لەم دۆخەشدا میدیا هەر کاریگەر دەبێت لەوەی لە پای بڵاو کردنەوەی پڕوپاگەندە و چەواشەکاری، کینە و بوغز و ڕکابەرایەتی بڵاو دەکاتەوە. نموونەی ئەم جۆرە میدیا چەوتە لە کوردستاندا بەدی دەکەین. هەر بۆ نموونە، میدیای لایەنێکی سیاسیی تورکمان لە کەرکوك و تەواوی کوردستاندا کار لەسەر کولاندنەوەی برینێکی ٦٢ ساڵ بەر لە ئێستای نێوان خەڵکی کەرکوك دەکات. گوتاری میدیای ئەو لایەنە کار بە ئاراستەی ورووژاندنی ڕك و کینە دەکات. بەردەوام و لە هەموو کەناڵێکی میدیای خۆیەوە، کای کۆنی ڕووداوێکی خوێناوی بە با دەکات، کە زادەی هەلومەرجی بارگاویی سەردەم و ساتەوەختی خۆی بوو. ڕووداوەکەی ١٩٥٩ خەڵکانێکی بە ناهەق تێدا کوژران، پاشان دوو هێندەی ئەوان خەڵك بە ناهەق تیرۆر کران و هێندەی ئەوانیش خەڵکی بێ تاوان لە لایەن ڕژێمی عیراقەوە لە سێدارە دران. زەرەرمەندی ئەم ڕووداوە خەڵکی کەرکوکن بە هەموو نەتەوەکانی، قوربانییەکانیش هەر خەڵکی کەرکووك بوون، بەوەی میدیای ئەو لایەنە خوێندنەوەیەکی چەوت و تاك لایەنە بۆ ڕووداوەکە دەکات، پەیامی ئەو دیوی گوتارەکەشی تاوانبار کردنی کوردە بە ئاشکرا و پەنامەکی، هێرش دەکاتە سەر کورد و نەوە دوای نەوە مێشکی لاوانی تورکمان بە ڕك و کێنە ئاو دەدات. ئەمەش بە قازانجی هیچ کەس ناشکێتەوە.

لەم ڕۆژگارەدا میدیای کوردستان، لێرەشدا پتر مەبەستمان باشووری کوردستانە، میدیایەکی دەوڵەمەند و فرە کەناڵ و فرە ڕەنگە. ماوەی ٣٠ ساڵ ئازادی نەیتوانیوە گوتارێکی کۆکەرەوە بۆ میدیا دروست بکات. گوتاری پەرتەوازەی میدیای کوردستان، ڕەنگدانەوەی نەرێنیی بەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی و کولتووریی خەڵکی کوردستانەوە هەیە. خاڵی مەترسی لەو پەرتەوازەییەی میدیای کوردستان لەوەدایە، کە هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانی لە لای نەوەکان لاواز دەکات. بەدەر لەوە، میدیای کوردستان لە لایەن دەوڵەتانی داگیرکەرەوە دڕی پێ دراوە، بە شێوەیەکی بە ڕواڵەت شاراوە و لە ڕاستیدا ئاشکرا، گوتاری ئەم جۆرە میدیایەی کوردستان لە لایەن دەوڵەتانی داگیرکەرەوە پشتیوانی و ئاراستە دەکرێت، یان بە لای کەمەوە لە بن هەژموونی ئەواندایە. بۆیە بەکار هێنانی دەستەواژەی (میدیای نانیشتیمانی) لە کوردستاندا، پاساوی خۆی هەیە، چونکە گوتاری ئەم جۆرە میدیایە ئاشکرا بە پێچەوانەی خواستی نەتەوەییانەی کورد لە کاردایە، دەخوازێت هەوڵی کورد بە ئاراستەی بەدەست هێنانی ئازادی و سەربەخۆیی و گەشە و پێشکەوتن، لەبار ببات یان بە لای کەمەوە سڕ و سست و لاوازی بکات و ئاستەنگ بخاتە بەردەم ڕێڕەوەکەی.

ئەرك و بەرپرسایەتیی میدیایە کە ڕاستگۆ، ئەرێنی، سوودبەخش بێت، پشتیوان و هاوکار بێت بۆ ئاشتی و تەبایی و پێکەوە ژیان و یەکتر قبووڵ کردن. کەرەستەی میدیا و بابەتی پەخش و بڵاو کردنەوەی بە جۆرێك لە تەرازوو بدرێت، کە بە قازانجی خەڵك و پاراستنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە کاردا بێت. میدیا ئەرك و بەرپرسایەتییەکی گەورەی نەتەوەیی و نیشتیمانیی لە ئەستۆدایە، ڕەچاو نەکردنی ئەم ئەرکە، گوتاری میدیا و پاساوی هەبوونی دەخاتە بەردەم پرسیارەوە.

ئازادی بەها و مەرجێکی بنەڕەتە بۆ میدیا، بەڵام ئازادییەك بگاتە ئاستی زیان گەیاندن بە بەرژەوەندیی تاك و کۆمەڵ، لە سنووری ئازادی تێپەڕ دەکات، ئیدی پێویستە بە پێی یاسا داواکاری گشتی لێی بێتە دەنگ و دۆسیێیەکەی ڕەوانەی دادگا بکرێت. ژیان و بەرژەوەندیی هاوڵاتی، ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و ئاسایش و ئارامیی وڵات، ئاسایشی نیشتیمانی و نەتەوەیی، دەبێ هێڵی سوور بن و نەك هەر میدیا، هیچ لایەن و دەسەڵاتێك بۆی نییە تێی پەڕێنێت. ئازادیی ڕەها سەر بۆ پەشێوی دەکێشێت، ئازادی بە بەرپرسیارییەوە، کرۆکی دیموکراسییە.

کەرکوک، قەڵاکەشی وەک خەڵکەکەی پەراوێزخراوە

بۆچی سەدام قەڵای کەرکوکی رووخاند؟

ئومێد نەجم

قەڵای کەرکوک کە یەکێکە لە شوێنەوارە مێژووییەکان، لەسەردەمی رژێمی بەعسدا دووچاری تاڵانکردن و وێرانکارییەکی زۆر بوو، بەشێکی زۆری شوێنەوارە مێژوویەکان دزرا. ئەوەی نەیان توانی بیدزن تێکیانشکاند بۆ سڕینەوەی مێژوو و شوێنەوارەکانی کورد لەئێستاشدا مەترسی ئەوە هەیە چەندین شوێنەواری نێو ئەو قەڵایە لەناوبچن.

هەر بۆیە حکومەتی بەعس یەکێ لەو هەنگاوانەی کە لەرووی سیاسیەوە کردی بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کورد لەکەرکوک ، لەقەڵاوە دەستی پێکرد ئەویش بە رووخاندنی بەشێکی زۆر لەو سیمایانەی کە شوێنەواری کوردی تێدایە، یا هی نەتەوەکانی تر.

مێژوونوسێکی کوردیش دەڵێ « قەڵای کەرکوک کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە هەزاران ساڵ بەهۆی فەرامۆشکردن و دەستکاریکردنی بەشێوازی دوور لەزانستی شوێنەوارناسی، ئەو قەڵایەی کە یادگاری شارستانیەتە کۆن و دێرینەکانی مێژووی مرۆڤایەتی یە مەترسی لەناوچوونی لەسەرە.

قەڵای کەرکوک لەچەند قۆناغێکی مێژووییدا بەهۆی هێرش و پەلاماری سەربازی رووبەڕووی وێرانکردن و کاولکاری بۆتەوە، بەڵام ئەو هێرشانە هیچی بە ئەندازەی بڕیارەکەی سەدام زیانی لە قەڵا نەدا، کە بەبڕیارێکی تاکڕەوانە شوێنەوارێکی مێژوویی هەزاران ساڵەی رووخاند.

بڕیاری سەدام بۆ ڕوخاندنی قەڵا لەدووەم ساڵیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، چ پەیامێکی لەپشتەوەیە؟

لەرۆژی (١٩٩٠/٣/١٦)دا سەرۆك کۆماری ئەوکاتەی عێراق (سەدام حوسێن) هاتە سەر قەڵای کەرکوك، ئەو ڕۆژە ڕۆژی ساڵیادی بۆردومانی کیمیابارانی هەڵەبجە بوو کە هەزاران کەسی لەخەڵکی هەڵەبجە شەهیدکرد، لەتەلەفزیۆنی عێراقەوە لێدوانی سەدام پەخشکرا کە فەرمانی دا بە رووخاندنی خانوەکانی قەڵای کەرکوك و پێدانی قەرەبوو بەخاوەنەکانیان.

پاش سەردانی سەدام بۆ قەڵا، پارێزگاری کەرکوك لە (١٩٩١/٣/١٧) لیژنەیەکی پێك هێنا بۆ جێ بەجێ کردنی فەرمانی سەرۆك کۆمار ئەوسا (سەدام) و روخاندنی خانوەکانی قەڵا.

مێژووناسان پێیان وایە مەبەستی سەدام لە هاتنی بۆ سەر قەڵای کەرکوك لەو رۆژە تا بڕیاری وێرانکردنی قەڵا بدات. وێران کردنەکەی ببەستێت بە کارەساتی هەڵەبجەوە بۆ ترساندنی کورد هەروەك بڵێ لەرۆژێکی وەهادا هەزاران مرۆڤم لەئێوە کوشت و ئێستاش مێژوو کەلەپورتان لەکەرکوك لەناو دەبەم.

« حکومەتی بەعس زۆربەی ئەو ماڵانەی لەنێو قەڵا دەژیان ناچاری کردن قەڵا چۆڵ بکەن»

بەعسیەکان لەبەر ئەم دوو هۆیە قەڵای کەرکوکیان روخاند:

١- دانیشتوانی هەر سێ گەڕەکەکەی قەڵا کە (٧٥٦) خانوو بووە کورد و تورکمان بوون، یەك ماڵە عەرەبیش لە قەڵا بونی نەبوە.! وێران کردنی قەڵا بەشێك بوو لە پیلانی بەعس بۆ گۆڕینی پێناسی نەتەوایەتی کوردی کەرکوك و بە عەرەبکردنی، حکومەتی بەعس زۆربەی ئەو ماڵانەی لەنێو قەڵا دەژیان ناچاری کردن قەڵا چۆڵ بکەن، تا ڕێگای لە بەردەم ئاسان بێ بۆ روخاندن و وێرانکردنی.

٢- قەڵای کەرکوك یەکێك بوو لە شارە هەرە کۆنەکانی کوردستان، کە مێژوویەکی پێنج هەزار ساڵەی هەیە.وەك شارێك مابوو شان بە شانی شاری دووەم لە چەشنی خۆی کە قەڵای هەولێرە. ژیانیش لەم شارەی کۆنەی کوردستاندا بەردەوام بووە تا کاتی وێران کردنی.

هەروەها شاری سەر قەڵای کەرکوك تەمسیلی پایتەختی کۆنترین دەوڵەتی کورد لە مێژوودا دەکرد کە دەوڵەتی گۆتی بووە. ئەو دەوڵەتەی عیراقیشی خستبوە ژێر دەستی بە لەنێو بردنی دەوڵەتی ئەکەدی سامی. بێگومان ئەم راستیە مێژووییانە لە لایەن سەدام تاڵ بووە چونکە سەدام لە هەموو سەرۆکێکی عەرەبی کاتی خۆی بە شێوەیەکی دوورتر و قوڵتر تەماشای مێژووی عەرەبی بە رەگەز سامی دەکرد.

پرۆژەی سەدام (سەر لە نوێ نوسینەوەی مێژوو) و هەوڵدانەکەی بۆ پێش خستنی دەوری سامی لە گەورەیی شارستانێتی کۆنی عێراقدا بۆ سەر دەوری سۆمەر و ئەو میللەتەی پێش سۆمەریش کە یەکەمین جار ناوەڕاست و باشوری عێراقی ئاوەدان کرد و شارستانیەتی تێدا دامەزراند کە ئەو میللەتانەش لەکوردستانەوە چوون بۆ عێراق. ئەو پرۆژەیەی سەدام ئەگەرچی شێواندنی مێژووش بوو، بەڵام زۆر هەوڵی دەدا فەرزی بکات بەسەر مێژوونوس و شوێنەوارناسانی عێراق تا لەسەر هەندێکیان سەپاندی. وەك دکتۆر ئەحمەد سوسە پیاوێکی پیر و نەخۆش و بەئەسڵ جولەکە بو وەك لەکتێبەکەیدا (حضارة وادي الرافدين) ئاشکرایە، ئەوانەشی خۆڕاگربوون و نەچوونە ژێر باری لەسەر وەزیفە لابران. سەدام بە تەماشاکردنی دوور و شۆڤێنی یەوە تەماشای کەرکوکی کردووە و ویستویەتی شاری قەڵا کە شانازییەکی مێژووی گەورەی کوردە لە نێو ببات.

«حکومەتی بەعس ناوی پرۆژەکەی ناو نابوو بوژاندنەوەی قەڵا نەی دەووت بۆ وێرانکردنیەتی»

بڕیاری وێرانکردنی قەڵا بەتەواوی لەسەردانی سەدام بۆ کەرکوك پەیدابوو کە لەرۆژی ١٩٩٨/٤/٦ سەردانی کەرکوکی کرد. لەگەڵ پارێزگاری ئەوکاتە (ئەیاد راوی) کۆبوەوە، کە گەڕایەوە بۆ بەغدا رۆژی دواتر نوسراوی دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری دەرچوو بۆ وێرانکردنی قەڵا و حکومەت (٧٠٠) ملیۆن دیناری تەرخان کرد بۆ روخاندنی قەڵاکە بەتەواوی. چونکە لەجاری یەکەمدا تەنیا دەوری (١٠٠) خانوویان روخاندبوو.

حکومەت سێ لیژنەی دروست کردبوو بۆ وێرانکردنی قەڵا، لیژنەیەك سەرۆکەکەی کورد بوو لەگەڵ ئەندامێکی، بەڵام لەلای ئیستخباراتی عەسکەری شکایەت لەو لیژنەیە کرا کە رووخاندنی قەڵا دوادەخات و باشی ناڕوخێنێ، لەبەر ئەمە بانگکران و سزا دران. دوای ئەوە لیژنەیەك هەمووی عەرەب بوو لەگەڵ سەرپەشتی رووخاندنی دەکرد.

حکومەتی عێراق بڕیاری رووخاندنی تەواوی خانوەکانی سەرقەڵای دا، خەڵکەکەیان بەبێ ڕەزامەندی خۆیان راگواستەوە و لەماڵ و حاڵی خۆیان دەریانکردن، ئەوەشی تا ئەوکاتە مابوونەوە و ماڵەکانیان چۆڵ نەکردبوو ئەو بەیانیە بەدەنگی شۆفڵەکان بەخەر هاتن کە چنگی لەخانوەکانیان گیر کردبوو بۆ روخاندنی.

کرێکاران دەستیان کردە روخاندنی خانوەکان، حکومەتی بەعس ناوی پڕۆژەکەی ناو نابوو بوژاندنەوەی قەڵا نەی دەووت بۆ وێرانکردنیەتی.

لەدەی مانگی حوزەیران دا دەستکرا بە وێرانکردنی قەڵا و هەموو خانوەکانی قەڵایان بە شۆفڵ تەختکرد. ئەوەی مایەوە تەنها (٥٥) خانوو بوو. لەکۆی (٧٥٦) خانوو.

یۆنسکۆ لەسەر روخاندنی قەڵا هەڵوێستی چی بوو؟

لەو کاتەی سەدام فەرمانی دا بە روخاندنی قەڵای کەرکوك، چاوەکان لەسەر رێکخراوی یۆنسکۆ بوو تا فشار بخاتە سەر حکومەتی عێراق تا دەست هەڵبگرێت لە تێکدان وروخاندنی ئەو شوێنەوارە مێژووییە، بەڵام یونسکۆ بێدەنگ بو لەئاست ئەو کارەی سەدام. بۆیە شوێنەوارناس و مێژووناسان رەخنەی ئەوە لە یۆنسکۆ دەگرن هیچ هەڵوێستێکی نەبوو لەبەرامبەر روخاندنی قەڵا، کەچی لەم چەند ساڵەی ڕابردوو قەڵای کەرکوکی خستە لیستی کۆنترین شارەکانی جیهانەوە، ئەوەش لەکاتێکدایە کە

قەڵا لەئێستا بەهۆی بڕیارەکەی سەدام بۆ ڕوخاندی و، فەرامۆشکردنی لەڕووی نۆژەنکردنەوەی، تەنها چەند شوێنەوارێکی کەلاوە و روخاوی لەسەر پێ ماوە.

نۆژەنکردنەوەی یا شێواندنی قەڵای کەرکوك؟

مێژوونوسێکی کوردی کەرکوك دەڵێ: «بەداخەوە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری کەرکوك نەیتوانیوە بەشێوەیەکی زانستیانە کار لە هەڵکۆڵین و پاراستنی شوێنەوارەکانی قەڵای کەرکوك بکات». سمکۆ بەهرۆز کە نوسەری کتێبێکی چەند بەرگی (ئینسکلۆپیدیای کەرکوك)ە وتیشی «بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار کەسانی پسپۆری تێدانیە و توانایەکی ئەوتۆی نییە بۆ پاراستنی شوێنەوارەکانی کەرکوك».

ئەو مێژوونوسە ڕەخنەی توند دەگرێت لەشێوازی کارکردنی ئێستای بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری کەرکوك بۆ نۆژەنکردنەوەی. سمکۆ بەهرۆز دەڵێ: « لەدەوروبەری منارەی دانیاڵ پێغەمبەر درەختی قەڵەم تۆزیان چاندووە، ئەو جۆرە درەختەش پێویستی بە ئاوێکی زۆر هەیەو لەهەمانکاتدا دەبێتە هۆی بێهێزکردنی خاك و خۆڵی دەوروبەری منارەکە و داروخانی منارەکە.

لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە شوێنەوارێکی زۆر لە ناوچەکانی عێراقدا ڕووبەرووی تالانکردن و شێواندن بوونەوە، بەشێکی زۆری بە قاچاغ برانە وڵاتانی دەرەوە، کەرکوکیش بەدەر نەبوو لەم تالانکردنە، بەتایبەت قەڵای کەرکوك کە چەندین کتێبی دەستنووسی گرنگی تیابوو دوای پرۆسەی ئازادی دزرا. ئەمە جگە لەوەی بەشێکی زۆر ئەو خانوانەی ماوە شێوێنراوە، ناوی خەڵکی و ژمارە موبایلی لەسەر نوسراوە، هەندێك لەشوێنەوارەکان بەئەنقەست تێکدراوە. بۆیە ئەو شوێنەوارە مێژووییە هەڕەشەی لەناوچوونی لەسەرە.

هەوڵ دەدرێت سیمای قەڵا بگۆڕن بۆ تەلارسازی تورکی عوسمانی

«هێشتا دەستێك هەیە کار دەکا بۆ سڕینەوە و لەناوبردنی شوێنەواری کورد لەقەڵای کەرکوك»

سمکۆ بەهرۆز هۆشداری دەدا لە هەوڵی سیاسەتی بەتورك کردن «تەتریك». ئەو مێژوونوسە دەڵێ «خانوو هەبووە لەپێش پرۆسەی ئازادی هەبووە و حکومەتی بەعس وازی لەروخاندنی هێناوە، بەڵام لەدوای پرۆسەی ئازادی ئەو خانوانە رووخاوە، ئەمەش بەڵگەیەکە لەوە هێشتا دەستێك هەیە کار دەکا بۆ سڕینەوە و لەناوبردنی شوێنەواری کورد لەقەڵای کەرکوك.

نەخش و نیگاری قەڵاو، ناوی نەخشەسازەکانیان گۆڕیوە. دەیانەوێت باڵا دەستی هونەری تورکی عوسمانی زاڵ بکەن. دەستێك کار دەکات. زۆر نەخشکار هەیە نەخشکارەکەی کوردە یان جولەکەیە ناوەکەیان سڕیوەتەوە و گۆڕیویانەو ناوی تورکمانیان لەسەری نوسیوە. داناوە. نەقشەکانیان گۆڕیوە وەکو نەقشی دەوڵەتی عوسمانیان لێکردووە، ڕەنگەکانیان گۆڕیوە. کەنیسەیەکی مەسیحی لەسەر قەڵا هەبوو تا پرۆسەی ئازادیش بەشێکی گەورەی مابوو، ئێستە هیچی نەماوە روخاوە، ئەوەش بە ئەنقەست کراوە».

بەوتەی ئەو مێژوونوسە «بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار زۆرینەیان لەنەتەوەی تورکمانن و بەشێکی زۆریان شارەزاییان لەبواری شوێنەوار نیە و پسپۆرییان لەبواری دیکە هەیە، ئەگەر جاران هەوڵی بەعەرەبکردن «تەعریب» دەدرا، ئێستا سیاسەتەکە گۆڕاوە بۆ بەتورك کردن «تەتریك».

بۆچی قەڵای کەرکوك فەرامۆش کراوە و شوێنەوارەکانی شارەکانی تر گرنگی پێ دەدرێت و نۆژەنکراوەتەوە؟ (قەڵای هەولێر بەنموونە)

بەهۆی بارودۆخی کەرکوك و کێشە سیاسیەکەی هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تا ڕۆژی ئەمرۆ، قەڵا پەراوێز خراوە، جێگیر نەبوونی ئەمن و ئاسایش و نەبوونی ئاسودەیی سیاسی بەشێوەیەکی هەمیشەیی وای کردووە، یۆنسکۆ هەوڵی نۆژەنکردنەوەی قەڵای کەرکوك نەدات هاوشێوەی قەڵای هەولێر. لەماوەی چەند ساڵی دەسەڵاتی کوردیش لەکەرکوك قەڵا هەر بە فەرامۆشکراوی مایەوەو هیچ کارێکیان نەکرد بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو قەڵایە. تەنها ئەوەی ساڵانە ئاگری جەژنی نەورۆزیان لەسەر ئەو قەڵا وێرانە کردۆتەوە. قەڵای کەرکوك ئاماژەیە بۆ کۆمەڵگەی فرە شارستانییەکان لە کەرکوك، بەو پێیەی شوێنەوارەکانی کوردی، مەسیحی، ئیسلامی، جوولەکە، سلجوقی، تورکی و تورکمانی لەخۆ دەگرێت. چونکە جگە لە خانوەکانی ئەو قەڵایە مزگەوت و تەکیەو مەدرەسەی ئیسلامی و کەنیسەی مەسیحیەکان و مەزاری دانیاڵ پێغەمبەری جوەکانی تیایە.

کاری نۆژەنکردنەوەی ئەو شوێنەوارە لە شاری کەرکوك، دەرفەتی کار بۆ دانیشتوانی شارەکە دەڕەخسێنێت، هەروەها هاتنی گەشتیاران بۆ شارەکە زیاتر دەکات. ئەو قەڵایە هاوشێوەی مەیدانی رۆمانی لە رۆمایە، دەکرێت ببێتە سیمبولێك بۆ ئاشتەوایی و پێکەوەژیان لە شاری کەرکوك.

سەرچاوە:

١- وێران کردنی قەڵای کەرکوك و هەوڵدانم بۆ ڕزگارکردنی: عەبدولرەقیب یوسف

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ مێژوونوس «سمکۆ بەهرۆز



من دایکم

وەرگێڕانی: گوڵان مەحمود

هەمیشە ئەوە دەبیستم، کە بەپێی پێویست کارناکەم! من و هاوسەرەکەم لەهەمان شوێن کاردەکەین. هاوسەرەکەم سەعات حەوتی بەیانی لە خەو هەڵدەستێ و دەچێت بۆ کارکردن، پاش نانخواردنی بەیانی. من سەعات چواری بەیانی لە خەو هەڵدەستم بۆ ئامادەکردنی نانی بەیانی، ئاوهێنان، ئامادەکردنی خواردن بۆ هەموومان، پێویستە لەسەرم نانی نیوەڕۆ بۆ کچەکانم ئامادەبکەم و بەڕێیان بخەم بۆ خوێندنگە، دەبێت نان بدەم بە هاسەرەکەشم ، پاشان دوو سندوق خواردن بۆ ژەمی نیوەڕۆ ئامادە بکەم بۆ شوێنی کارەکەمان و کۆرپەکەم بە دەستێکم وسندوقە خواردنەکانیش بە دەستەکەی دیکەم هەڵبگرم.

بەدرێژایی ڕۆژەکە نزیکەی دووسەد سەتڵ خۆڵ لە کەشتییەکە بەتاڵ دەکەم، هاسەرەکەشم هەمان شت دەکات، دەبێت ڕۆژانە دە بۆ دوانزە کیلۆمەتر ببڕم بۆ بەتاڵکردنی ئەو دووسەد سەتڵە خۆڵە، لە ناوەڕاستی ئەو کارەدا دەبێت شیر بدەم بە کۆرپەکەم، لە ئێوارەدا کە دەگەڕێینەوە ماڵەوە لەکاتێکدا کە هەمووان پشوو وەردەگرن، من جلوبەرگە پیسەکانی ئەو ڕۆژە دەشۆم، ماڵەکە خاوێن دەکەمەوە، کاتێك ئەوان تەماشای تەلەفیزیۆن دەکەن، من خواردنی ئێوارە ئامادە دەکەم.

نانی ئێوارە دەخۆم لەکاتێکدا ئەوان دەچن بۆ خەوتن و من ئەو کەسەم کە قاپەکان دەشوات، کاتێك هاوسەرەکەم ناتوانێت بخەوێت پاش ڕۆژێك کارکردنی سەخت، دەبێت پێش خەوتن بیشێلم، لەنێوان ئەو هەموو کارانەدا، من دایکم، بیرم نەچێت شیر بدەم بە کۆرپەکەم.

هێشتا گوێم لێیە، دەڵێن چی دەکەیت؟ ژنان هیچ کارێك ناکەن! براکەم، ئەتوانیت پێم بڵێی، بۆچی ڕەنجی ژن هەمان نرخی ڕەنجی پیاوی نییە؟

شاهانە خاتوون

سەرچاوە: GMB Akash

شێروان کەرکوکی :

هەمیشە وتراوە مەلەکردن پێچەوانەی دەریا تەنیا ماندوبونی ئەو کەسەی لێئەکەوێتەوەو بە ئامانج ناگات

دیمانە/ محەممەد تاهیر

*** شێروان کەرکوکی جگە لەکاری هونەری خوێنەرێکی باش و پێشکەشکارێکی بەتواناو بیلۆگرافیایەکی بەسەلیقەیە، هەموو ئەمانەت چۆن پێکەوە گرێداوە؟**

- بە بۆچوونی من مرۆڤ ئەگەر کاتەکانی ڕێك بخات و خشتەیەك دابنێت بۆ چۆنیەتی دابەشکردنی کاتەکانی بەسەر کارو چالاکییەکانی ئەوا فریای هەموو شتێك ئەکەوێت .

ئامانجی سەرەکی من هونەرە، بۆ هونەریش ئەژیم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند خولیایەکی تری ژیانم هەیە کەوا شایستەی ئەوەن کاتیان بۆ تەرخان بکەم، بۆ نموونە ڕۆژانە ٣ سەعات ئەخوێنمەوەو ئێستا کتێبخانەکەم نزیکەی ٦٠٠٠ هەزار کتێبی تێدایەو دواتر بابەتی بیبلیۆگرافیا هیوایەتی ژیانم بوو، پێشکەشکارییش ، من پێشتر پێشکەشکاربووم لە کەناڵی ئاسمانیی کەرکوك وابزنم دەرفەتێکی باش بوو بۆ خزمەتکردنی هونەرو ڕاگەیاندنی کوردی، بۆیە بە شانازییەوە کاتم بۆی تەرخانکرد ، دواتر مۆزەخانەکەم، کەوا نزیکەی ١٨٠٠ پارچە ئاسەواری تێدایە، ئەویش ڕۆژانە کاتم لێ ئەبات، بە هەمانشێوە بواری دەروونناسی ئەویش بە خزمەتکردنی مرۆڤایەتی ئەزانم و کاتم لێ ئەبات ، بە گشتی هەر شتێك بزانم بە ئاراستەیەکی دروست و جوان ئەڕوات کاتی بۆ دائەنێم و بواری بۆ ئەڕەخسێنم .

*** بۆچی ماوەیەکە هیچ بەرهەمێکی هونەریت نییە ؟**

- ڕاستە بەرهەمی هونەری وەکو کلیپ نیمە، دوایین کلیپ ٤ ساڵ پێش ئێستا تۆمارمکرد ، چونکە ئیستا کات و قورسایی خۆم زیاتر بۆ ئەلبومی گۆرانییەکانم تەرخانکردووە، ئەویش بریتیە لە ١٢ گۆرانی، ٨ گۆرانی تەواو بووەو ٤ گۆرانی ماوە

*** زۆر جار کۆنسێرت و فێستیڤاڵ لە کەرکوك ئەنجامدراوە، تا چەند ئەم جۆرە چالاکیانە پێویستن؟**

- هەر جوڵەیەك یان چالاکییەك بە ئاراستەی هونەر بڕوات من پێم باشەو دەستخۆشی لێ ئەکەم، بۆ کەرکوك زیاتر، چونکە خەڵکی ئێرە لە ڕووی دەروونییەوە ماندووترن، بۆیە پێویستە ئەمجۆرە چالاکییانە زیاتر بکرێت تاکو ئارامی و ئاسوودەیی دەروونیان زیاتر بێت .

*** دەوترێت مەقام بناغەی هونەرە، کۆمێنتی تۆ چییە ؟**

- وشەی هونەر بە تەنها واتایەکی گەورە ئەگرێتەوە، دەکرێت بڵێین هونەری گۆرانی و مۆزیك، بە دڵنیاییەوە سەبارەت بە گۆرانی و مۆزیك، ئەوا مەقام بناغەی هەموویانە بە تایبەتی ئێمەی گەلانی ڕۆژهەڵات، کەوا سەر بە قوتابخانەی هەشت مەقامی سەرەکین و سەدان مەقامی لاوەکین و هەر گۆرانییەك یان ئاوازێك دروست دەکرێت لەسەر بنەمای مەقامێك یان چەند مەقامێکی تێکەڵاو دەکرێت .

*** جگە لە گۆرانی، ئەو ئامێرە موزیکانە چین کە توانای ژەنینیانت هەیە؟**

- تاکو ئێستا ٥ ئامێری مۆزیکیی ئەژەنم ئەویش (کەمان، عود، گیتار، پیانۆ، جەمبوش) خۆشبەختانە ئێستا وانە بۆ ئامێری شەشەم ئەخوێنم ئەویش ئامێری (قانون)ە لای هاوڕێی خۆشەویستم کاك دیار ئازاد.

*** بۆچی کەرکوك خاوەنی ئەو هەموو ئاوازە ڕەسەنەیە بەڵام گەشەی هونەری بەراورد بە شارەکانی دیکە لە ئاستی پێویست نییە ؟**

- بێگومان، چونکە شاری کەرکوك بەراورد بە شارەکانی تر، جیاوازە لە ڕووی دۆخی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیش، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن گەنجینەیەکی دەوڵەمەندە بەڵام گوزەرانی هونەرمەندان و نەبوونی هاندان و جێگای پێویست بەو کارە، وایکردووە هونەر بەم ئاستە لاوازە بگات .

*** تا چەند گرنگە هونەرمەند شوێنکەوتەی ڕەسەنایەتی و هونەری باڵای نەتەوەکەی بێت؟**

- هەمیشە وتراوە مەلەکردن پێچەوانەی دەریا تەنیا ماندوبونی ئەو کەسەی لێئەکەوێتەوەو بە ئامانج ناگات، لە بواری هونەرییش بە هەمانشێوەیە، ئێمە ئەبێت ئەو پرسیارە سەرەکییە لە خۆمان بکەین، ئێمە بۆچی هونەر ئەکەین ؟؟ بێگومان زۆر ئاسانە، تەنها خزمەتکردنی نیشتمانە لە ڕێگای هونەرو کەلەپوورەوە، بۆیە دەبێت بناغەی کارەکانمان بە پاڵفتی (فلتەر)ی نیشتمانیدا تێپەڕبێت، وابزانم خزمەتکردنی هونەری بێگانە هیچ ئاکامێکی نییەو تەنها خۆماندووکردنە، چونکە ڕۆژێك دێت هەڵسەنگاندن بۆ ئەم بەرهەمانە بکرێت، دواتر گەلانی تریش پێویستیان بە ئێمە نیەوهونەرمەندی خۆیان هەیە خزمەتی هونەرەکەیان بکات، باشتر وایە کات و ماندوبوونمان بۆ هونەری گەلەکەمان بێت .

شێروان کەرکوکی: خۆزگە فلتەرێك هەبوایە بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکان پێش بڵاوکردنەوەیان

*** ئێستا هەندێك لە هونەرمەندان لە ڕێی سۆشیاڵ میدیاوە هەوڵی ناوو ناوبانگ دەدەن ، بۆچوونی تۆ چییە؟**

- مافی هەموو هونەرمەندێکە هەوڵی ناوو ناوبانگ بدات، وابزانم لەم ڕۆژانەش تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەتێکی باشە بۆ ئەو بوارە، بەڵام لێرەدا ئەبێت ئەوە بزانین کە ئایا ئەوەی پێشکەشی بەرامبەری دەکەین چییە ؟ چونکە زۆربەی ئەو بەرهەمانەی لەم ڕۆژانە پێشکەش دەکرێت، لە ڕووی کوالێتییەوە زۆر لاوازن و خۆزگە فلتەرێك هەبوایە بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکان پێش بڵاوکردنەوەیان

*** تا چەند ڕۆشنبیریی تاك گرنگە بۆ هەر بوارێك کە بتەوێت تێیدا سەرکەوتووبێت ؟**

- بە شێوەیەکی گشتی ڕۆشنبیریی کۆڵەکەی بناغەی دروستبوونی شارستانییەتە، بۆ هەر مرۆڤێکیش بە هەمانشێوە ، وە بۆ هونەرمەند زیاتر، چونکە ڕۆشنبیریی گشتی ئاستی ئەو مرۆڤە دیاری دەکات لە کاردانەوەی بەرامبەر ڕووداوەکان و چۆنییەتی تێگەیشتنی لە ژیان، بەڕای من بۆ کۆمەڵگای ئێمە پێویسترین جۆری ڕۆشنبیری بۆ خەڵکی ئێمە ڕۆشنبیری گفتوگۆو ئاخاوتنە لەگەڵ ڕۆشنبیریی هەڵس و کەوت و مۆڕاڵ و ڕەوشتی مامەڵەکردنمان لەگەڵ بەرامبەر .

ژمارە (٨) کانونی یەکەم ٢٠٢١

تیپی هونەری میللی برایەتی لە کەرکوک

بە نمایشەکانی گوزارشت لە چوار پێکهاتەکەی کەرکوک دەکات

تیپی هونەرە میلییەکانی برایەتی کەرکوک، لە سالی ٢٠٠٨ وە لەلایەن هەڵۆ جەباری دامەزراوە.
پێکهاتووە لە هەر چوار نەتەوەکەی کەرکوک لە هەردوو رەگەزی نێر و مێ کە ژمارەی ئەندامانی گروپەکە لە ١٦ کەس پێکهاتووە لە ٨ کوڕ و ٨ کچ.
ئامانج لەدروستکردنی گرووپەکە گەیاندنی پەیامی ئاشتی و برایەتی و پێکەوە ژیانی کەرکوکیەکانە لە رێگای ئەو تابلۆیانەی پێشکەشی دەکەن.
تیپی هونەرە میللیەکانی لە سەرانسەری عێراق لە چەند پارێزگا هەیە لەوانە بەسڕا و بەغداد کە سەرجەمیان لە نەتەوەی عەرەبن و لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك ئەوانیش لە پێکهاتەی کوردن.
بەڵام لە کەرکوك سەرجەم نەتەوە و ئاینەکانی تێدا بەرجەستە کراوە.
لەو بارەهیەوە، هەڵۆ جەباری سەرپەرشتیارو دامەزرێنەری تیپی هونەری میللی برایەتی کەرکوك، رایگەیاند: ئەوەی جێگای خۆشحاڵیە لەسەرجەم فێتیسڤاڵە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و لە فێتیسڤاڵەکانی دەرەوەی وڵاتیش کە بەمشێوازە دەمان بینن پێشوازیەکی گەرممان لێدەکەن.
هەڵۆ جەباری سەبارەت بە بیرۆکەی دامەزراندنی تیپی هونەری میللی برایەتی کەرکوك، باسی لەوەکرد: ئەم تیپانە لە چەند شارێك بوونیان هەبوە بۆیە بەباشمان زانی لە شاری کەرکوکیش تیپێکی میللی دروستبکەین، بەڵام ئەوەی ئێمە گۆڕانکاریمان تێدا کرد تاوەکو جێگای سەرجەم نەتەوە و پێکهاتەکانی تێدابیبێتەوە و ببینە نوێنەری تەواوی کەرکوکیەکان، هەروەها راشیگەیاند: سەرەتای دروستبونی تیپەکە تەنها لە کوڕ پێکهاتبوون چونکە کارێکی قورس بوو بتوانین کچانیش بهێنینە پێشەوە، بەڵام لە دوای ئەوەی بەشداریمانکرد لە فێستیڤاڵێك پێشوازیەکی گەرممان لێکرا و داوتر تیپەکەمان زیاد کرد بۆ ١٦ کەس کە ٨ی لە رەگەزی نێرە و ٨ی لە رەگەزی مێ، هاوکات لە تیپەکە کە لە نەتەوەی کورد لە دوو ئەندامی تورکمان و چوار ئەندامی عەرەب پێکدێن.
سەرپەرشتیاری تیپەکەش ئاماژە بۆ ئەوەکرد: هیچ کات وەك ئەندامانی تیپەکە لەکاتی نمایشکردندا جلوبەرگ و پۆشاکی نەتەوەکان بەبێ جیاوازی دەپۆشین و هیچ کات جیاوازیمان نەکردوە بۆ نمونە عەرەب جلی تورکمان دەکات و کورد جلی پێکهاتەی مەسیحی و یاخود بە پێچەوانەوە.
سەبارەت بە جیاوازی تیپی میللی برایەتی کەرکوك لەگەڵ تیپەکانی دیکە، سەرپەرشتیارەکە باسی لەوەکرد: ئێمە کە نمایشدەکەین بە چوار شێوازی جیاواز هەڵپەڕکێ پێشکەش دەکەین کە بە چوار جلوبەرگی جیاواز و چوار مۆسیقای جیاواز کارەکەمان پێشکەشدەکەین کە گوزارەشتە بۆ پێکهاتەکانی کەرکوك.
هەڵۆ جەباری، وتیشی: کارەکانی ئێمە رەنگاوڕەنگە و تابلۆمان لەماوەی ١٠ خولەکدا کە پێشکەشی دەکەین سەرجەم نەتەوەکان بە هەڵپەرکێ و جلوبەرگ و مۆسیقا و گۆرانیەوە گوزارشت لە پێکهاتەکەی خۆیان دەکەن، ئەوەش بۆتە خاڵی سەرکەوتنی ئێمە لەکارەکانماندا.
سەبارەت بە هاوکاری و پشتیوانیەکانی گرووپەکەش، هەڵۆ جەباری باسی لەوەکرد: سەرجەم کارەکانمان بە بێبەرامبەر بووە و هیچ جۆرە هاوکاریەك نەکراوین، لەکاتێکدا گرووپەکانی پارێزگاکانی دیکە سەربە بەڕێوەبەرایەتی هونەری و رۆشنبیرین، بەڵام هی ئێمە جیاوازە و بێبەرامبەرە، بەشێوەیەك لە چەندین فێستیڤاڵ داوەت نامەمان بۆهاتوە بەهۆی ئەوەی مەسروفاتی هاتن و چوونمان بۆ خەرجنەکراوە نەمان توانیوە چالاکیەکان بەشێوەیەکی زۆر بەرینە دەرەوەی وڵات.

هێمن حسێن :

هونەری باڵاو سەرکەوتوو، ئەو هونەرەیە کە بەڕاستی لەناخی هونەرمەندەکەوە هەڵدەقوڵێت

دیمانە/ محەمەد تاهیر

هونەرمەند هێمن حسێن، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ گۆڤاری TV باس لە ئەزموونی کاری هونەری دەکات و ئاماژەبۆئەوەدەکات: بە داخەوە لەبەر ئەوەی هونەر هیچ کاتێك نەبووەتە پیشە لەم وڵاتە، ئەوەشدەخاتەڕوو: هونەری باڵاو سەرکەوتوو، ئەو هونەرەیە کە بەڕاستی لەناخی هونەرمەندەکەوە هەڵدەقوڵێت.

*** دەکرێ بڵێین گۆرانی (دایە) ناسنامەی هێمن حسێن.ە**

- بەڵێ گۆرانی دایك، کە بەناوی دایکی میهرەبانەوەیە، لەئاوازی مامۆستای خوالێخۆشبوو مامۆستا (قادر مەردانە)، هۆنراوەی مامۆستا (عەبدوڵا سەراجە)، هەمیشە ناسنامەی هەموو ژیانمە، لەو دەقەیەی کەهاتوومەتە سەر تیڤی و ئەو گۆرانییەم تۆمارکردووە، هەتا ئەو ڕۆژەی لەژیاندا مابێتم فەخری پێوە ئەکەم، لەبەر ئەوەی یەك، تایبەت بوو بەدایکی بەڕێزم، کە بەڕاستی جێیەکەی بەتاڵە، بڕوا ناکەم هیچ شتێك ئەو کەلێنە پڕ بکاتەوە دیارییە بۆ ڕۆحی ئەو، دووش، لەکەناڵێك کراوە کە کاتی خۆی کەناڵی کەرکوکیان پێوتووە، لەسەرجەم شارەکانی کوردستان ئەو تاکە کەناڵە هەبووە، کە بەرهەمە کوردییەکانی لێدەبیسترا، بۆیە ئەبێت فەخری پێوە بکەم، سەردەمێك بووە زۆرترین خەڵك کە گوێبیستی ئەو بەرهەمە بووە، بۆیە هەتاهەتایە مایەی شانازییە بۆ من .

- پێویستە هونەری باڵاو سەرکەوتوو چۆن بێت؟

* هونەری باڵا، هونەری سەرکەوتوو، ئەو هونەرەیە کە بەڕاستی لەناخی هونەرمەندەکەوە هەڵدەقوڵێت، کەسێکی ڕۆشنبیر بێت، کەسێکی خوێنەواربێت، کەسێك بەدواداچوونی تەواوی هەبێت لەو بوارەی کە خۆی هەڵیبژاردووە لەژیانی، چ موزیك بێت، چ وێنەکێشان بێت، چ گۆرانی بێت، لەهەر بوارێك لەم بوارانە گرنگە ڕۆشنبیرییەکی باشت هەبێت، میوزیسیان بێت، ئەبێ لەئامێرو مێژووی ئامێرەکەی خۆت بزانی، گۆرانی بێژبیت ئەبێ لەمانای گۆرانی وتن تێبگەی، ئایا هەر ئەوەیە بیڵێی، بۆیە ڕۆشنبیری زۆر زەروورە، سەیرکردنی شیعرە هونەرییەکانە، ناسینی ئەو کەڵە شاعیرانەی کە هەبوونە ئەزموونی ئەو هونەرمەندانەی لەپێش خۆتەوە هەبوونەو کاریان کردووە بۆ ڕۆژێك لەرۆژان بوونەتە سەرچاوەیەك بۆ تۆ، پێویستە فەخری پێوە بکەی نەك لەڕۆژێکا کە ناوبانگت بەدەستهێنا هونەری پێشووت لەبیربکەی، هەڵبەتە تۆ تا ڕابردووت نەبێ داهاتوویەکی جوانت نییە

*** گۆرانی وتن یاخود ژەنینی ئامێر وایکرد ئەوی دیکەیانت خۆش بووێت؟**

- گۆرانیبێژ گرنگە ئامێرێك بزانێت، لەبەر ئەوەی رۆژێك لەڕۆژان خۆی پێش هەموو کەس باشتر ئەزانێت هەڵە هونەرییەکانی لەکوێیە، پێش هەموو کەس درکی پێ ئەکات، پێش ئەوەی تۆ هونەرێك بڵاوبکەیتەوە بچێتە سەر شاشە، یان لەرادیۆکان ببیسترێت، پێش هەموو کەسێ تۆ ئەزانی هەڵەی کارەکانت چییە، بۆیە گرنگە هونەرمەند لەبوارەکەی خۆی تەواو تێربێت، تەواو چوبێتە ناخی هونەرەکەی بەردەستی خۆی کەوا هەڵیبژاردووە، ئیتر چی ژەنیار بێت، چی گۆرانیبێژ بێت، هەردووکی پەیامە بەڵام زۆر جوانە کە هونەرمەندێك گۆرانیبێژبیت، لەهەمانکاتدا هونەرمەندێکی ژەنیاربێت

*** بۆچی پێوەری بوون بەهونەرمەند کەمن و ناوەندێکی پسپۆڕ نییە بۆ پێگەیاندنی گەنجان؟**

- سەبارەت بەپێوەرێکی هونەریی هەمیشەو لەهەموو کاتێکدا فلتەرێکی هونەری گرنگە لەهەموو شوێنێك هەبێت، لەهەموو دەزگایەکی میدیاییدا هەبێت، چی بیستراو بێت چی بینراو بێت، بەڕاستی خۆی سەرچاوەی هەڵەکان لەوەدایە کە هونەرێکی خراپ ئەخرێتە بەر گوێی جەماوەرەوە، جەماوەر هونەرمەند ئەتوانێ ڕایبهێنێت لەسەر کاری باش و کاری خراپ، بەداخەوە خەڵکیش لەلایەکەوە تاوانی نییە کە ببینێ میدیایەك سەرتاپای میدیاکان، نەڵێین بەگشتی، بەڵام زۆربەیان کە هونەری کرچ و کاڵ بەرهەمدەهێنن، بەپێی ئەو کەسە، یان بەدیدی بینەر فەوزایەك درووست دەبێت خەڵکەکە لێی تێکدەچێت، نێوەندگیری لەنێوان ئەم دوو هونەرە بەڕاستی سەختە، بۆیە من ئەڵێم یەك مەسەلەی دەزگاکان، دوو، بەڕاستی خودی هونەرمەندەکان زەروورە، واتا ئەبێ کۆنفرانسێك ببەستیت سیمنارێك هەبێت لەسەر ئەم هونەرە لاوازەی پێشکەش ئەکرێت، چ شتێك زەرەر بەمیللەتەکە ئەگەیەنێت، بەکلتووری میللەتەکە ئەگەیەنێت بەڕاستی ئەبێ ڕێگری لێبکرێت بەهەموومانەوە چونکە گوناهە

*** کەرکوك لای هێمن حسێن چییە؟**

- تایبەت بەکەرکوك، من ئەتوانم بڵێم: ئەگەر ڕۆژێك لەڕۆژان ناوی ئەو شارە، سۆزی ئەو شارە، هەستبوونی خۆم بەبوونی ئەو شارە لەبیربکەم، هەڵبەتە کەرکوك وەکو شیری بەری دایکم لێم حەرام بێت، هەموو مرۆڤێك نرخ و سەنگی خۆی بەوڵاتەکەیەوەیەتی، بەو شوێنەوەیە کەلێی هاتووەتە دنیاوە، گەرچی هەموو شارەکانی کوردستان وەکو چەپکە گوڵێك وان، هەموو بەیەکەوە جوانن هەمووی تام و بۆنێکی خۆی هەیە، بەڵام کەرکوك ئەو شوێنەیە کە من چاوم لێکردەوە فێری هونەربووم لێی، کە بەڕاستی کۆمەڵێك مامۆستاو، کۆمەڵێك خەڵکی باشم ناسی و لێوەی درووست بووم، لەخاکو خۆڵەکەی ئەو شارە هاتوومەتە دنیاوە، ئەو هونەرەی کە هەمە، شانازی پێوە ئەکەم کە باسی کەرکوك ئەکرێت.

*** چی بکرێت تا هونەری کوردیی هاوشێوەی وڵاتانی دیکە زیاتر گەشە بکات؟**

- هەموو وڵاتێك کلتوورو هونەرە ڕەسەنەکەی خۆی لەسەروو هەموو شتێکەوە داناوە، بۆیە ئێمەش پێمان عەیب نەبێ کە خاوەنی هونەرێکی ڕەسەن و کلتورێکی جوانین، بەڕاستی ئەبێ ئیش لەسەر ئەمە بکرێت، با بەتەکنەلۆژیا هونەر پێش بخەین، با بتوانین هونەرمان لەکوالێتیەکی بەرزتر ببینین، ئەگەر چی بەهۆی ئەو ئامێرانەی هەبووە کوالێت وەکو پێویست نەبووە، بەڵام دەبینین هونەرێکی پڕ لەرۆح لەو سەردەمە هەبووە، هیلاکی و ماندووبوونێکی زۆر بەو هونەرەوە دیار بووە، چ لەڕووی گۆرانی وتن، چ لەڕووی ژەنین، چ لەڕووی ئەو وشە جوانانەی کراونەتە هۆنراوەیەك و لەملی گۆرانییەکەیان داوە، بۆیە بەڕای من هەمیشە بوونی دەزگای تایبەت و پەیمانگا زەروورە بەمەبەستی پێشخستنی بووارەکە تا گوێچکەی منالی کورد بەبەرهەمی جوان ئاشنا بێت.

*** بۆچی هەموو هونەرمەندێك لەپاڵ هونەرەکەی دەبێت کارێك بکات تاکو پێی بژیت؟ ئەمە تاکەی؟**

- بەداخەوە لەبەر ئەوەی هونەر هیچ کاتێك نەبووەتە پیشە لەم وڵاتە، تایبەت بۆچی ئەبێت کارێکی تر بکرێت لەپاڵ هونەردا، هۆکارەکە ئەوەیە هونەر، ئەگەر بکرایەتە پیشە وەکو هەر وڵاتێکی دیکە بازاڕی خۆی هەبوایە، مارکێتکردنی خۆی هەبوایە، لەداهاتی ئەلبوم، تۆ بتوانیایە هونەر درووست بکەی، بتوانیایە فیلمێکی سینەمایی، یان درامایەك بتوانی داهاتێکی باش بێت کارێکی باشی پێبکەی، لەگەڵ ئەوەشدا تۆ بتوانیت سانسۆرێکی باشت هەبێت لەسەر هونەرەکەشت، بۆ ئەوەی هونەری کرچ و کاڵ و خراپ نەبێت، ئەوکات بڕوام ناکرد هیچ هونەرمەندێك پێویستی بە سەرچاوەیەکی تر ببووایە، بەداخەوە ئەم قسەیە ئەکرێت هەر بیڵێینەوەو ناگاتە چارەسەر.

*** چی شتێك لەکاروانی هونەری زۆر ئازاری داویت؟**

- من هونەری وڵاتەکەم بڕوا ناکەم بەهیچ شێوەیەك ئازاری پێگەیاندبێتم، بەپێچەوانەوە شانازی پێوە ئەکەم، هەمیشە مایەی سەربەزرییە بۆم هەمیشە ئەو جەماوەرە ئەوپەڕی ڕێزو حورمەت، بۆ هونەرمەندەکانی دادەنێن بەڵام هونەرمەندێك کە بەڕاستی پێویستی بە ئەملاو ئەولا نەبێت، بیەوێت خزمەت بکات، چاوی لەهیچ شتێکی تر نەبێت، موجامەلە لەهونەر نییە، هونەر پێویستی بەکەسێك نییە بێت پشتگیری بکات، هونەر ئەبێت خۆی پشتگیری خۆی بکات، پاڵپشتی وڵاتەکەت، پششتگیری جەماوەرەکەت بۆ تۆ، وەکو دڵسۆزی بۆ هونەرەکەت، ئا ئەمە باشترین پاڵپشتییە، بەڵام ئەوەی ئازارم پێ ئەگەیەنێت بەڕاستی ئەوەیە، کە سەفەر ئەکەین بۆ وڵاتانی تر ئەبینین لەکۆنسێرتێکی تر لە وڵاتاندا، لەشانۆییەکدا، چۆن پێشوازی لەهونەرەکەیان ئەکرێت، هەر لەسەر ستەیج و هەر لە پشتگیری وڵاتەوە، تا دەگاتە هەموو شتێك، دەبینین بەڕاستی هونەر چی بەهایەکی بەرزی هەیە، خۆزگە ئێمەش رۆژێك لەڕۆژان هونەری وڵاتەکەمان ئەو باوەشەی بۆ بکرایەتەوە لەهەموو ڕوییەکەوە، لەناو ئەو جەماوەرە جوانەی کە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەڕاستی وڵاتێکی موئەسەساتی و دامەزراوەیی بووینایە، هەموو شتێك دەزگای خۆی بەجیا هەبوایە، ئەبینین هونەرمان بەداخەوە پشتی نییە، بۆیە ناگاتە ئەو ئاستەی کە خۆی دەیەوێت، بۆیە ناتوانێت ئەو ناسنامەیە درووست بکات خۆی لەهەموو دنیا پێ بناسێنێت، تاکە خاڵی لاوازی ئێمە ئەمەیە کە بەڕاستی پشتگیری خۆمان بۆ خۆمان گرنگە، چەن گرنگ یەك ڕا بین یەك زمان بین هەموو لەناو یەکدا، بڕوات بێت هونەرەکەش پێویستی بەوە هەیە، کە پشتیگرییەکی باشی بەهەموو شێوەیەك بۆ دەستەبەر بکرێت، کە دێتە سەر کاتی هونەر، هونەر بۆ خۆی هونەر بێت، هیچ لایەنێکی دیکە دەستی تێکەڵ نەکاو، بەرەو هەڵدێرو بەرەو ئەملاو ئەولای نەبات .

مارگارێت ئاتود

داهێنەر و شاعیر و ڕۆماننوس و ڕەخنەگری ئەدەبی و مامۆستا و چالاکوانی ژینگەیی

وەرگێران لە ئینگلیزییەوە: یوسرا محەمەد

مارگارێت ئلیانور ئاتود لە ١٨ تشرینی دووەمی ساڵی١٩٣٩ لەدایکبووە، شاعیرێکی کەنەدییە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆماننوس و ڕەخنەگری ئەدەبی و مامۆستا و چالاکوانی ژینگەیی و داهێنەرە. لە ساڵی ١٩٦٠وە حەڤدە کتێبی شیعری و هەژدە ڕۆمان و یانزە چیرۆکی خەیاڵی و هەروەها نۆ کۆمەڵە کورتە چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە، کە پێکهاتبوون لە هەشت کتێبی منداڵان و دوو ڕۆمانی نەخشەیی.

کارەکانی ئاتود چەند بابەتێکی جیاوازدەگرێتەوە کە بریتین لە ڕەگەزو کەسایەتی، ئاین و داستان، هێزی زمان، گۆڕانی کەشوهەوا، هێزی سیاسەت، زۆربەی هۆنراوەکانی داستان چیرۆکی ئەفسانەی دەردەخات کە لەساڵانێکی زۆرەوە سەرنجی ڕاکێشاوە.
ئاتود دامەزرێنەری (**Griffin Poetry Prizeand writer Trust**، (له کەندا.
وە پسپۆرە لە کۆلێژی (**massey**) لە تۆرتۆ. هەروەها ئاتود داهێنەری ئامێری«**longpen**» ئەمەش یەکێکە لە خزمەتگوارییە تەکنەلۆژیەکان کە کاری نوسینی کۆمپیوتەری ئاسان دەکات لە بەڵگەنامەکاندا.
بەرهەمە ئەدەبیە مەزنەکەی مارگارێت ئاتود کە بریتیە لە «چیرۆکی خزمەتکار» باسێکە سەبارەت بە داهاتویەکی دیکتاتۆری تۆقێنەر لە ئەمریکا، ئاتود براوەی خەڵاتی سەرکەوتنە ئەم خەڵاتە هێزی ئەدەب لە پێکهێنانی ئاشتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و تێگەشتی جیهانی پیرۆزدەکات. نوسەری کەنەدی خەڵاتی بەناوبانگی **Richard B Holbrooke** وەرگرت، ئەم خەڵاتە دیاریکرابوو بۆ ئەو سیاسەتمەدارانەی کە پەیمانی ئاشتی(**Bosnian**)ی ساڵی ١٩٩٥یان ڕێکخست کە لە شاری ئوهیو بەڕێوەچوو.

نوسەر مارگارێت ئاتود خاوەن بەرهەمێکی زۆرە لە شیعرو، ڕۆمانی خەیاڵی، ڕاستەقینە، وتار، وە کتێبی کۆمیدی، لەم ساڵانەی دواییدا ستایشێکی زۆرکرا بۆ ڕۆمانە پڕ فرۆشەکەی کە باس لە داهاتوویەکی ترسناك دەکات لە وڵاتێك کە دەکەوێتە نزیك (**New England**) وڵاتێکی نیمچە-کریستیانە، خاوەن ڕژێمێکیی پیاو سالارانە و دیکتاتۆرانەیە، کە ناسراوە بە(**Gilead**) ئەم ڕژێمە ئاینیە حکومەتی وێلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڕوخێنێت، کارەکتەری سەرەکی و چیرۆك بێژەکەی ژنێکە بەناوی(ئۆفرێد) یەکێکە لە نێو ئەو گروپەی کە ناسراوە بە «کارەکەرەکان» ئەم گروپە بەناچاری دەبێت ئەرکی منداڵ خستنەوە جێبەجێبکەن بۆ «فەرماندەکان» کەبریتین لە چینی دەسەلاتداری پیاوان. ڕۆمانەکە تێروانینی بابەتی ملکەچکردنی ژن دەکات لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالاردا ئەو جیاوازیەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ژنان هەوڵی بەرگریکردن و بەدەستهێنانی سەربەخۆی خۆیان دەدەن.

ڕۆمانی «چیرۆکی خزمەتکار» لە ساڵی ١٩٨٥بڵاوکرایەوە هەر لە هەمان ساڵدا بوو بە براوەی خەڵاتی «پارێزگاری گشتی»، وە لەساڵی ١٩٨٧براوەی خەڵاتی (**Arthur C Clarke**) بوو هەروەها پاڵێوراوی خەڵاتی بووکەر» و خەڵاتی (**Nubela**)ی ساڵی١٩٨٦ بوو وە هەروەها خەڵاتی (**Prometheus**) بۆ ساڵی ١٩٨٧.کتێبەکە گوجێنرا بۆ فلمی ١٩٩٠ وە فلمی ئۆپێرای ٢٠٠و پرۆگرامێکی تەلەفیزۆنی ساڵی ٢٠١٧ ، وە بۆ میدیاکانی تریش. پسپۆڕۆ و هونەرخوزانی (**Elizabeth Moss**) کتێبەکەیان کردۆتە لیستی کتێبە پرفۆشەکانی جیهان.
لەکاتێکدا هەندێك لە خوێنەران چەند لێکچواندنێکیان بەدیکرد لەنێوان سەرۆکایەتی زۆردارەکی(**Gilead**) و بزوتنەوەکەی سەرۆك دۆڵاند ترەمپدا.

ئەمەش بەپێی ڕۆمانەکەی مارگرێت ئاتودە کە ژنان ڕۆبی سورو کڵاوی سپی بپۆشن تا بە بێدەنگی نارەزایەتی خۆیان دەرببڕن لە خۆپیشاندانە ڕامیارییەکاندا، بەهەمان شێوەی کارەکەرەکان کە لە ڕۆمانەکەی مارگریت ئاتود و پرۆگرامە تەلەفیزۆنیەکاندا باسکراون، مارگرێت ئاتود تەواوکەری ڕۆمانەکەی (ڕاسپاردە) ی بڵاوکردەوە. ئاتود لە گفتۆگۆیەکی تەلەفۆنیدا قسەی لەگەڵ ڕۆژنامەگەرێکی ئەمریکیدا کرد و پێی ڕاگەیاند: «تۆ هێشتا لێرە نیت، ئەگینا نەتدەتوانی ئاوا قسەم لەگەڵ بکەیت»، ئاتود بە هاوڵاتیەکی ڕۆژنامەگەری ئەمریکی وت، کە لە تەلەفۆنەکەدا پێکەنی « تۆ لەوانەیە لە بەندینخانەیەکی تاکەکەسیدا بیت یان بەجۆریك کەسێکی مردوویت چۆن دەوێریت ئاوا قسە لەگەڵ ژنێکدا بکەیت لە ڕێگەی مۆبایلەوە وە دەربارەیان بنوسیت؟ ئەتوت وتی کە ئەو پێی وابووە ئەمریکیەکان ئاگاداربوونە لە بارەی مەترسیەکانی تێکدانی دەستوری ئەمەریکا، ئەو وتی «ئەمەش ئەوەیە کە لە نێوان تۆ و دیکتاتۆریدا دەمێنێتەوە .

گەر من کەسێکی گرەوکەر بوومایە ئەوا من گرەوم لەسەر ئەمریکییە دەمارگیرەکان دەکرد یەگرتنی خەڵکیم ڕەتدەکردەوە، بۆیە من پێم وانیە کە تۆ یەکرێزی و یەکێتی خەڵکی بەدەست بێنیت، تۆ ئەوە بەدەست دێنت، بەڵام ئەوە سەختە. شارۆن ڕەب دامەزرێنەر و سەرۆکی دەزگای خەڵاتی ئەدەبی ئاشتی دەیتۆنە و ستایشی دەیتۆنی کرد بۆ بەرهەمە گەلخوازیەکەی بەهەمان شێوە بۆ ئەوەی کەخەڵکی فێردەکات لە بارەی شوێنکەوتی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و کاری ژینگەی. «مارگرێت ئاتود بەردەوامە لە بیرخستنەوەی ئێمە لەوەی کە» ئەوەی کە لێرە ڕوونەدات، ناتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت، بەڵام دەکرێت هەرشتێك لە هەر بارووددۆخێدا ڕووبدات، وە لە ئێستادا، ئەمەش بەپێی ڕەتکردنەوەی دەستورە دیموکراتیەکانی نێو بزوتنەوەکان دەبێت. ڕاب بە ڕۆژنامەگەرە ئەمریکیەکەی وت « وانەکانی مارگارێت زۆر گرنگن».

مارگارێت ئاتود هاوبەشە کۆنەکەی ڕۆمانسوس «گرەیم گبسۆن» لەتەمەنی هەشتاو پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، ئاتود هەشتا ساڵە، وتی کە هەوڵی سەرقاڵکردنی خۆی داوە دوای لە دەستدانی هاوبەشەکەی کۆنەکەی، وەکو داهێنانی کتێب و گەشکردن تا ئەو کاتەی کە پێش ئەوەی ڤایرۆسەکە بگرێت. لەو کاتەوە ئیمزای لەسەر هەزارەها کتێب و پاشکۆی کتێبی کردووە بۆ پشتگیریکردن لە کتێب فرۆشە سەربەخۆکان، گفتوگۆی لەگەڵ کەناڵی «زوومدا» کردووە.

مارگارێت ئاتود خۆی بە کەسێکی ڕاستەقینەخواز دادەنێت، بەڵام بە لایەنێکی گەشبینیانە، چونکە» گەر تۆ ڕەشبین بیت، ئەوا هیچ شتێك ئەنجام نادەیت.... چونکە پێم وایە کە ئەو کەسانەی کە خۆیان ڕاستەقینەخوازن بەلای گەشبیندا پێچان خواردۆتەوە و ئەوانەن کە بەڕاستی هەوڵی گۆڕینی ئاراستەکە دەدەن.»
ئاتود یەکەم کتێبی شیعری لە ساڵی ١٩٦٠ بڵاوکردەوە. لە دوای ئەوە، حەڤدە ڕۆمانی بڵاوکردەوە کە بریتین لە» چاوی پشیلە»، «نازناوی گرێس»، «پیاوکوژە کوێرەکە»، بۆ هەر یەکێکیان خەڵاتی بووکەر و خەڵاتی **Madd Addam**بردەوە. وە ڕۆمانی»ڕاسپاردە»ی ساڵی ٢٠١٩ کە تەواوکەری ڕۆمانی «چیرۆکی خزمەتکار»ە، یەکێك بوو لە باشترین کتێبە پڕفرۆشەکانی ساڵەکە. خەڵاتی ئەدەبی دەیتۆن خەڵاتێکی ١٠,٠٠٠٠**$**دۆلارییە، براوەکانی پێشوو بریتبوون لە **John Irving, Gloria Steinem, Elie Wiesel** . مەراسیمی خەڵاتی دەیتون، لە بنەڕەتدا بۆ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٠دیاریکرابوو، بەڵام دووبارە دیاری کرا بۆ بەهاری ٢٠٢١بەهۆی ئاگادارییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، ئاتود بەژدار دە بێت لە یەکێك دەبێت لە بەشداربووە براوەکانی خەڵاتەکەدا.

سەرچاوە: گاردیەن

تەکیەی تاڵەبانی

لە بیرەوەری مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دا

ئا: سیروان بەرزنجی

پێش ئەوەی بێمە نێو باسەکەی مامۆستای مودەڕیس، دەمەوێ بە کورتی ئاماژە بە مێژووی دامەزراندنی تەکیەی تاڵەبانی و ئەو کەسانە بکەم کەپتر لە دوو سەدو پەنجا ساڵ خزمەت بەئاین و ئیرشادو زانست و مەقام و ئەدەب و شیعر پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە.

تەکیەی تاڵەبانی:

دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی لە بارەی تەکیەی تاڵەبانی ئەمەی نوسیوەو دەڵێ: لە پێش دروستکردنی تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکوک، لەسەر داوای خۆی تەرمەکەی مەلا مەحمودی زەنگنە، کە باپیرە گەورەی شێخانی تاڵەبانیە، لە جێگای مەرقەدی ئێستای بەخاك سپێردراوە، شێخ ئەحمەد کوڕی مەلا مەحمودی زەنگنە لە پاش ماوەیەك بناغەی تەکیەی تاڵەبانی کە لە جێگای ژێر زەوییەکەی تەکیەدا بوو، دادەمەزرێنێت و لەسەر ڕێبازی قادری دەستی بە ئیرشاد کردووە، ئەم تەکیەی ئێستای کەرکوك، لە پاش کۆچی شێخ ئەحمەدی تاڵەبانی، شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی کە بووە بە پۆست نشین لە ساڵی (١٢٦٠ك – ١٨٤٤ز) دروستیکردووە، ئەمەش بە فەرمانی سوڵتان (عەبدولمەجیدی یەکەم) بووە کە بەمزگەوتی (مجیدیە) ناسراوە ()

شێخانی ئیرشادی تەریقەتی خاڵسی قادری: بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان سلسیلەی ئیرشادی شێخانی ئەم بنەماڵەیە بەم شێوەیە بووە: مەلا مەحمودی زەنگنە (١٧١٧– ١٨٠٠ز) بووە، کە لەسەر دەستی شێخ ئەحمەدی هیندی لاهوری سلووکی کردووەو تەریقەتی (قادری) لێ وەرگرتوە. پاشان شێخ ئەحمەد کوڕی مەلا مەحمودی زەنگنە (١٧٨٠– ١٨٤١ز)، پاش ئەمیش شێخ عەبدولڕەحمانی خاڵس کوڕی شێخ ئەحمەد (١٧٩٧– ١٨٥٨ز)، پاش ئەمیش شێخ عەلی گەورە کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی خاڵس (١٨٣٢– ١٩١١)، پاش ئەمیش شێخ محەمەد عەلی کوڕی شێخ عەلی گەورە (١٨٥٦ – ١٩٣٣ز)، پاش ئەمیش حاجی شێخ جەمیل کوڕی شێخ محەمەد عەلی کەڕڕە (١٨٩٠– ١٩٦١ز)، پاش ئەمیش شێخ عەلی دووەم کوڕی حاجی شێخ جەمیل (١٩٢٩– ١٩٩٠ز).

لە ئێستادا شێخی ئیرشادی تەکیەی تاڵەبانی (حاجی شێخ یوسف کوڕی شێخ عەلی)ە، کە ناوبراو لەساڵی (١٩٦٢) لە دایکبووەو دەرچووی کۆلێژی شەریعەیە لە مەدینەی مونەوەرە، لە دوای وەفاتی باوکی ئەرکی مزگەوت و تەکیەی گرتووەتە ئەستۆی خۆی و تا ئێستاش بەردەوامە.

تەکیەی تاڵەبانی لە دیدی مامۆستای مودەڕیس دا:

خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە کتێبی یادگارییەکانی ژیانم. وا باس لە تەکیەی تاڵەبانی و شاری کەرکوك دەکات و دەفەرموێ: لە ساڵی (١٩٥٥) لەلایەن بەڕێز (محمد شفیق العانی) بەڕێوەبەری گشتی ئەوقاف لە بەغدا، ئەمری ئیداری بۆ دەرکردم و پێی وتم بڕۆ لە کەرکوك دانیشەو مەعاشەکەت دەوام دەکا، جا لەبەر ئەوە کە پێشتر ئاشنایەتیم لەگەڵ خوالێخۆشبوو (حاجی شێخ جەمیل) دا هەبوو، لە تەکیەی تاڵەبانی دانیشتم، خوا جەزای حاجی شێخ جەمیل بداتەوە زۆر حورمەتی گرتم، فەقێی بۆ ڕاگرتم، ئیدی خەریکی تەدریس بوم، کوڕەکانی حاجی شێخ جەمیل: شێخ عەلی و شێخ عەبدولڕەحمان زۆر خزمەتیان دەکردم.

پاشان لە مانگی موحەرەمی ساڵی (١٩٥٥) دا ماڵەکەم لە سلێمانییەوە گواستەوە بۆ کەرکوك، لە حەوشی شێخ عەزەدین تاڵەبانی کە لەو ڕۆژەدا شێخ فاتیح شێخ جەلالی تێدا بوو، دوو هۆدەم بەکرێ گرت و دانیشتین تێدا.

لەم ماوەدا محەمەد شەفیق بەڕێوەبەری گشتی ئەوقاف سەردانی کەرکوکی کردو هات بۆ تەکیە، زۆر دڵخۆشی دامەوەو، بەهەر حاڵ کارێ وا هاتە پێشەوە کە تەکیەی تاڵەبانی وەکو مەدرەسەی خۆمی لێهات، ئیدی مەشغوڵی تەدریس و تەئلیف دەبوم.

پاش ئەمانە تۆزێ چاوم کرایەوە لە کەرکوکدا بە هۆی هاوڕێتی حاجی شێخ جەمیلەوە بە هۆی ئەخلاق و ئینسانیەتی ماڵ و منداڵەکانیەوە خۆش ڕام دەبوارد، هەروەها: (عەلی ڕەفیق ئەفەندی خادم سوجادە، ڕەئفەت ئەفەندی برای، مەلا عەبدولمەجیدی قوتب، حاجی مەلا عومەر گومبەتی و باقی مەلاکانی کەرکوك) ئولفەت و محبەتی باشیان پەیدا کرد، بەتایبەتی لە ڕۆژانی سێشەممەو هەینی دا کاتێکی خۆشمان بەسەر دەبرد.

لە تەکیە ڕۆژانی هەینی بە هۆی دەروێشانی تەکیەوە، ئەشعار خوێندنەوەی ئەوانەوە بەتایبەتی (حاجی خالید ئاغای حەسەن قەساب و مەلا محەمەد بە شیعری خۆش زۆر مەسروریان دەکردم.

هەروەها لە کەرکوك حەمید ئەفەندی هەبوو ئینسانێکی زۆر ناسك، ئەدیب و لەبیب موحتەرەم، ئارام بوو، گەلێ جار دەهات بۆ تەکیە، لە قەسرەکەدا دادەنیشت قسەی خۆشی زەمانی حاجی شێخ عەلی ئەفەندی و کەرامەت و کەماڵاتی ئەو زاتەی بەیان دەکرد، لەو باسانە دڵم زۆر مەسرور دەبوو، لە هەمانکاتدا باسی

حەرەکات و سەکەناتی شێخ ڕەزای شاعیری مەشهور برای حاجی شێخ عەلی دەگێڕایەوە بۆم، بە هاوڕێتی ئەم زاتەو باقی ڕەفیقان زۆر مەسرور دەبوم، پاش ڕابواردنی دوو مانگ لەسەر دانیشتنم لە تەکیە، جارێ لەگەڵ شێخ عەلی کوڕی حاجی شێخ جەمیل دا ڕۆیشتین بۆ جەژن موبارەکی شێخ حەبیب کوڕی شێخ عەلی ئەفەندی، بەو دیدارە ئولفەت کەوتە بەینمان بە نەوعێکی وا، دەبوو لە حەفتەیەکا بەلای کەم دووجار چاومان بەیەك بکەوێ.خانوەکەیان نزیك بوو لە تەکیە ڕۆژی سێشەممەکان لە بەینی چاشت و نیوەڕۆدا دیدەنیم دەکرد گەلێ حکایەتی کۆنی بۆ دەکردم، ئەم زاتە گەلێ خاوەن عەقڵ تێگەیشتوو هۆشیار ئاگادار بوو لە ئوموراتی عالەم، زۆر لە ئەشعاری حافزو سەعدی لەبەر بوو، تورکی زان بوو، ئەوزاعی عوائل و پیاوە گەورەکانی بەغداو کەرکوکی زۆر دەزانی، لە ئوموری دنیا سەرامەد بوو، زۆر واقعی بوو، بە خزمەکانی دەفەرموو: (ئازابن مەکەون، کە کەوتن گلەیی لە کەس مەکەن).

مامۆستای مودەڕیس بەردەوام دەبێت و دەڵێ: زۆر جار لەگەڵ عەلی ئەفەندی خادم سوجادە دیدەنی شێخ حەبیب مان دەکردو بەینی چاشت و نیوەڕۆمان بەسەر دەبرد، هەروەها زۆر جار عەلی ئەفەندی دەهاتە تەکیە لە قەسرەکەدا بەقسەی خۆش و ئەشعار (ئەدیبەکان) کاتێکی خۆشمان ڕادەبوارد، گەلێ جار پاش عەسران لەگەڵ شێخ عەلی حاجی شێخ جەمیل، یا لەگەڵ حاجی سەعیدی محەمەد گوڵی بەر تەکیەیی، یا بەتەنیا خۆم دەڕۆیشتم بۆ ماڵی عەلی ئەفەندی، لە ناو حەوشەکەدا لە دەوری چیمەنەکەدا، یا لەسەربانی دراوسێ حوجرەی (سەجادەی شەریفە) دادەنیشتین، بەقسەی خۆش ڕامان دەبوارد.

زۆر جار هەڵدەکەوت مەلا عەبدولمەجیدی قوتب کوڕی مەلا مەردان کوڕی مەلا محەمەدی قوتب کە باش مەلای کەرکوك و خزمی ماڵی عەلی ڕەفیق ئەفەندیە، لەگەڵ مەلا عەبدولڕەحمان کوڕی عەلامە مەلا عەلی حیکمەت ئەفەندی و لەگەڵ هەندێ لە زانایانی تر لەوێ ئامادە دەبوون، بە ئەشعارو نوکات ڕامان دەبوارد، بەتایبەتی لە ڕۆژانی سێشەممە سبەینیان لە مزگەوتی حاج خەلیل کە شوێنی مەلا عەبدولمەجیدی قوتب بوو، لە پاش عەسران لە مزگەوتی (مەلا ئەحمەدی مەلا حەکیم) مەلاکان لەوێ کۆدەبونەوەو زۆر بەخۆشی ئەو کاتە دەگوزەرا لەسەرمان بە تایبەتی لە نێوان من و مەلا عەبدولمەجیدی قوتب دا گەلێ نوسراوی مەحەبەت و دۆستایەتی لە نێوانماندا پەیدا بوو.

مامۆستای مودەڕیس لە ساڵی (١٩٥٩) کتێبی (بارانی ڕەحمەت) لە کەرکوك چاپکرد، بە دیاری نوسخەیەك بۆ مەلا عەبدولمەجیدی قوتب پێشکەش کردووە، جا مامۆستای قوتب بە هۆنراوەیەکی جوان وەڵامی مامۆستای مودەڕیسی داوەتەوە ئێمە لێرە ئەم دوو بەیتەی لێ بڵاودەکەینەوە:

مەدحی پێ ناوێ زاتێکی وەك تۆ
تەلیفەکانت شاهدن بۆ تۆ
ئەوە دەلیلە کە مەلای چاکی
شاسوارێکی چست و چالاکی

هەر لەو ماوەدا کە لە شاری کەرکوك دا بووە لە زستانا جارجار سەردانی شێخ عەبدولکەریم کوڕی شێخ قادر کوڕی شێخ کەریمی کەسنەزان کردووە کە لە ساداتی بەرزنجەو لە نەوەی شێخ ئیسماعیلی ولیانیە، دەهاتە ناو تەکیەی خۆی لە قەڵای کەرکوك، مامۆستای مودەڕیس جارجار چووە بۆ دیدەنی، پەیوەندی نێوانیان خۆش بووە، مامۆستای مودەڕیس بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە (تەکیەی تاڵەبانی) بە سیفەتی مودەڕیس خزمەتی کردووە و لەو ماوەدا گەلێ مەلای ئەو سەردەمە کە لە شارەکانی کوردستان دەهاتن و مۆڵەتی مەلایەتی پێ بەخشیون ئەمەش ناوی ئەو بەڕێزانەیە:

١- مەلا محەمەد ئەمینی گەورەدێ
٢- مەلا خدر سپیرویی مەنگۆڕی
٣- مەلا ڕەشید قولی جانی
٤- مەلا حوسێن محەمەد کۆیی
٥- مەلا عومەر ڕەشید هەورامی
٦- مەلا مستەفای کۆزەپانکە

مامۆستا مەلا عەبدولکەریم لە ڕۆژی یەك شەممەی ساڵی (١٩٦٠) ماڵەکەی لە کەرکوکەوە گوێزایەوە بۆ شاری بەغداو لەوێ نیشتەجێ بوو، لە ساڵی (٢٠٠٥) روحی پاکی بە فریشتەکانی ئاسمان سپاردو لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بەخاك سپێردراوە.

سەرچاوە:

١- هەندێ لە یادگارییەکانی مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕیس، لە ئامادەکردنی - عەبدولدائیم مەعروف هەورامی، ساڵی ٢٠١١.
٢- دیوانی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، د.مکرم تاڵەبانی، ساڵی ٢٠٠١.

درامایەکی وێنەکاری

عەبدولعەزیز مەجید

پاش ئەوەی مرۆڤ بە هۆی کەمی باران و باری سەختی ژیان و قەیران و وشکەساڵی بۆ بژێوی سەرچاوەی ژیان لە سەردەمی کۆندا ڕووی کردۆتە ئەو شوێنانەی کە نزیك ڕووبارو ئاوەدانین، بە ناچاری شوێنە سەختەکان و ئەشکەوتەکانی جێدەهێشت، لەو سەردەمەدا فێری پرۆسەی کشتوکاڵی و بەخێوکردنی مەڕو ماڵات و ئاژەڵداری دەبوو بۆ دابینکردنی سەرچاوەی ژیانی.

هەر لەو سەردەمانەشدا ئامرازی کاروباری ڕۆژانە ڕووی لە زیادبوون دەکرد، ئینجا دۆزینەوەی کانزای مس و بەکارهێنانی بۆ دروستکردنی ئامرازی جۆراوجۆر، وەك داس و چەقۆو گاسن و هتد... مرۆڤ فێری دروستکردنی خانوو بە گڵ و پاشان بە خشت نەخشێنراو، لە کۆی خانووەکان لادێ پاشان شارەدێ دروستکرا. کۆمەڵی کوردەواری لە سەردەمی ڕابردوودا کۆمەڵگەیەکی گوندنشین و عەشایەر بووە. ئەوسا دەرەبەگایەتی بە شێوەیەکی چڕوپڕ لە کاردا بوو، باڵی بەسەر ناوچەکاندا کێشابوو. ژیانی ئابووری ئەو سەدەیەو نیوەی یەکەمی سەدەی ئێستاش بە ڕادەیەکی زۆر هەر لەسەر کۆڵەکەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و مەڕوماڵات بەخێوکردن وەستابوو.

لەبەرئەوەی بە شێوەیەکی سروشتی بەروبوومی کشتوکاڵی وەك گەنم و جۆو نۆك و نیسك و... هتد. بەرهەمی مەڕوماڵات وەك گۆشت و کەرەو ماست و خوری و پێستە، ببوون بە سەرچاوەی ئابوری زۆربەی زۆری کۆمەڵگەی کوردەواری، وەك ڕەوەندو چیایی و زورگ و دەشت نشینەکان کە بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ڕۆژانەی ژیانیان خۆیان بۆ ئاڵوگۆڕ پێکردنی شتومەك و پێویستیەیکانی تری ژیان و گوزەرانیان بەکاریان دەهێنا، جگە لەوەی جوتیارانی ناوچە دەشتە گەورەکان یان لە پارچە زەویە تەسکەکانی ناو چیاکان کشتوکاڵیان دەکرد، هەروەها ڕەزو باخی بەردارو میوەی هەمە چەشنەیان

بەرهەم دەهێنا.

وەکو هەموو کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتی کۆمەڵی کوردەواریش چەندین پیشەسازی و سەنعەتێکی لەناودا هەبوو بۆ دابینکردنی پێداویستی کۆمەڵگا کە لە شارەدێ و لادێیەکان هەبوونەو بەردەست بووە کە پیشەسازی سەرەتایی بوون وەستاو سنعەتکارەکان یان خەڵکی لادێ بوون یان شارو شارەدێیەکان لە ئەنجامی گەشەکردنی ئاڵوگۆڕی شتومەك بە یەك دەگەیشتن.

پیشەسازییەکانی ئەو سەردەمە جۆڵایی و شاڵ دروستکرن و ڕانك و چۆغە، کە جلوبەرگی پیاوان بوو.. ژنانیش بە نەخش و نیگار لەسەر جلەکان بەدەست و چنین و هەروەها دروستکردنی گاسن و ڕەشماڵ و قاپ و گۆزەو خەنجەرو داس و تەون بەڕەو فەرش و هی تر..

کە زۆربەی لە لایەن پیشەوەرەکانی جوولەکە کوردەکانەوە بەرهەم دەهێنران، کە ئەوکات لە شارو شارەدێیەکان هەبوون، خەڵکی چیای بە میوەو توتن، خەڵکی دەشت و گوندەکان بە گەنم و دانەوێڵە ئاڵوگۆڕو گۆڕینەوەیان دەکرد زۆر کەم بە پارە هەبوو..

جگە لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ بەخێوکردنی مەڕوماڵات و ئاژەڵ گرنگی زۆری هەبوو، بەرهەمهێنانی بەروبوومەکەیان لە پاڵ کشتوکاڵ کە سەرچاوەی سەرەکی بوون لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا.

گاسن و هەوجاڕی وڵاخ کاری دەست کە شێوەی سەرەتایی بوو، زۆر لە ژنانی کورد بە خوری و ڕستن و چنین خەریك بوون، خوری گرنگی زۆری هەبوو بەرهەمی زۆری لێ دروست دەکرا.. سودو سەرچاوەی ژیانی ژنان بوو لەو سەردەمەدا.

گەر بێت و سەرنج و خوێندنەوە بۆ ئەم تابلۆیەی هونەرمەند سامان ئەبوبەکر بدەین کە زۆر لە کارەکانی کشتوکاڵی تێدا خراوەتەڕوو، کە درامایەکی وێنەکاری کلتوری ڕەسەنەو ناتوانرێت تێڕامان و تێپەڕبوون لەسەر ئەم تابلۆیە ئاوا ئاسان بێت، گەر سەرنج بخەینە سەر تابلۆکە پێنج وێنە دەبینین، کە لە کاتی هاویندایە و لە کاتی کۆکردنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵیەکاندا لە سەردەمی زوو گەڕانەوەیەکە بۆ بیرخستنەوەو زیندو هێشتنەوەی کەلتورو داب و نەریتە کۆن و ڕەسەنەکانی باب و باپیران..

تابلۆ وێنەکاریەیکان بەو شێوەن

وێنەی یەکەم: درووێنەیە، چەند جوتیارێك بە داس دەغڵ و دان دەدوورنەوە کە بە دەم کارەوە گۆرانیش ئەڵێن:

هەد درووونە درووونەدەسکی داسم بەڕونە

هەی هەی درووونە درووونە   دەسکی داسم بەڕونە

وێنەی دووەم: کۆکردنەوەو بارکردنی گیشەیە پاش درونەوە دەگوازێتەوە بۆ نزیك لادێکە کە شوێنەکە پێی دەڵێن سەرچۆغین کە بە تریشقە (عەرەبانە) بە گوێدرێژ یان ئەسپ ڕادەکێشێ گیشەکە دانەنێت.

وێنەی سێیەم: گێرەکردنە بە جەنجەڕ لەسەر دەغڵەکە بۆ جیاکردنەوەی گەنمەکە لە قەسرەکە پوشەکە، ئەویش جەنجەڕ ڕاکێشان بە گوێدرێژ یان ئەسپ، جوتیارێك لەسەر جەنجەڕەکە دائەنیشێت.

بە داخەوە لێرە وێنەیەکی تر هەیە کە هونەرمەند سامان ئەبوبەکر نەیکێشاوە، ئەویش شەنە بایە، جیاکردنەوەی گەنمەکە لە کایەکە.. جیاکردنەوە بە (شەنە) شەنەبا.. کە ئەبوو وێنەی چوارەم بایە.

وێنەی چوارەم: لە تابلۆکەدا وێنەی مێگەلە مەڕێکە لەسەر پاشماوەی دوای دوورینەوەی دەغڵدا دەلەوەڕێن، کە پێی دەڵێن پەرێس.. لەگەڵ شوانکارەکان.

وێنەی پێنجەم: دوو ژن یان دوو کچ بە ڕێگا ئەڕۆن، دێن بۆ لای جوتیارەکان، ئەوەش یان نان و ئاو خواردن دێنن بۆ جوتیارەکان یان لە کانی دەگەڕێنەوە، ئاو بۆ جوتیارەکان دێنن.

خەرمان بەرەکەت لەو کاتەدا بەکاردەهات کە جوتیاران یان خاوەن ڕەزو باخەکان خەریکی کۆکردنەوەی بەرهەمەکانیان دەبوون، لەسەر چۆغین یان لەسەر زەوییەکانیان کە بە لایاندا تێپەڕ دەبوویت دەتوت خەرمان بەرەکەت، لە بری ئەوەی سڵاو یان ماندوونەبوونیان لێ بکەیت، بۆیە منیش ئەڵێم خەرمان بەرەکەت..

هونەرمەند سامان ئەبوبەکر بۆ دراماکردنی وێنەکاری تابلۆکەی بۆ زیاتر پڕکردن و تێرکردنی چاو باشتر پڕ سەرنجتر با یان تابلۆکەی بکردبایە دوو تابلۆی یەك و دوو یان سێ تابلۆ..

لە تەنیشت یەکتر کە سەرەتا بێت بۆ تابلۆی وێنەکاری هونەری درامی کەلتوری ڕەسەن و سروشتی کوردستانی ڕەنگاوڕەنگی دەشت و کێوە جوانەکان، ئەشتوانرا وێنە دراماکارییەکە لە وێنەی یەك: کێڵان بووایە بە گاسن و ڕاکێشانی بە ئاژەڵێك بە دەستی جوتیارێك بۆ کێڵانی زەوی.

وێنەی دووەم: تۆ دانی زەویەکە بە گەنم یان بە جۆ لە لایەن جوتیاران و ژنانی لێزان تۆدان بکەن.

ئەم کات تابلۆکان وێنەکانەکارییەکە زۆر سەرنجڕاکێش و درامی ئەبو لە گێڕانەوەو کۆکردنەوەو چاندنی گەنم و جۆو درووێنەکردن، گەر مەڕو ماڵاتەکەش بە چەند قۆناغێك وێنە کێشرابا، زۆر سەرنجڕاکێش و دڵگیرتر دەبوو، ئەویش بە شێوەی درووێنە بوایە.

وێنەی یەکەم: مەڕوماڵات و ئاژەڵ و سەگ و شوانکارەکان.

وێنەی دووەم: بێری و مەڕدۆشین لە لایەن شوان و مەڕو بێری.

وێنەی سێیەم: دروستکردنی ماست و پەنیر لە لایەن ژنان، مەشکەهەژان و دروستکردنی دۆ..

ئەمە زیاتر و زیاتر دەبووە بەرچاوخستنی بینەرو تەماشاکار بۆ هیلاکی و ماندووبوونی ئەم سەردەمەی کە خەڵك بۆ بژێوی ژیان چەند بە ئازار ئەیتوانی نان بەدەست بهێنێت..

لە پێشانگای تایبەتی هونەرمەند سامان ئەبوبەکر بە ناوی شنەبا ڕەنگە شنەبایەك کە لە جوانی نیشتمانەوە سەرچاوەی گرتبوو، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر هونەرمەندان و جەماوەری هونەردۆست کە توانی بە تابلۆ سەرنجڕاکێشەکانی لە بواری ڕەنگ و جوانی سروشتی کوردستان.

هونەرمەند سامان ئەبوبەکر لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٨ لە پەیمانگای تەکنیکی کەرکوك لە ساڵی ١٩٩٠ دەرچووە، پێشانگاکە ٣٠ تابلۆی قەبارە جیاواز بە ڕەنگی ڕۆنی لەسەر نفاس لەخۆ گرتبوو.

بەرهەمەکانی ئەم جارەی هونەرمەند دەنگدانەوەی جوانتری بوو لەسەر کارە هونەرییەکان کە تابلۆی قەشەنگ و سروشتی ڕەنگ و دڵفڕێنی کوردی بوو، هونەرمەند سامان ئەبوبەکر تا ئێستا (١٠) پێشانگای تایبەتی کردۆتەوە لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا، بەشداری کردووە لە وڵاتانی دەرەوە بە تابلۆ ڕەنگین و سەرکەوتووەکانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی توانیویەتی ڕەنگ و جوانی سروشتی کوردستان لە تابلۆکانیدا بەرجەستە بکات، بیانبات بۆ پێشانگا نێودەوڵەتیەکان کە جێگای تێڕامان و سەرنج بوون، پڕبوون لە مانای ڕەسەنایەتی کەلتووری، ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام ئەم تابلۆیە وێنەکارییە کە کۆکردنەوەی خەرمان بوو لە گوند، کە جوتیاران خەریکی کشتوکاڵن، حەزم کرد خوێندنەوەی وەستانێك بکەم بە دیاریا پێی بڵێم خەرمان بەرەکەت، خەرمان بەرەکەت هاوڕێی هونەرمەند سامان ئەبوبەکر.

دوایین دیدار لە تابلۆی (نقومبوون)

شاكاری ئەلفرێد ژێلیۆ* ١٨٩٢

ڕاڤەکردنی : عەبدولڕەحیم سەرەڕۆ

بە درێژایی مێژووی هونەری شێوەكاری بە سەدان تابلۆی جوان و ناوازە لەسەر دوایین دیدارو (ماڵاوایی) لەلایەن گەورە شێوەكارانی جیهانەوە كێشراون، هەندێكیان لەسەر خۆكوشتن، مردن، تێكشكانی خۆشەویستی و هەریەكەو بە شێوازێك گوزارشتی لە ئازارەكانی ناخ و هەستی خۆی كردووە، هەندێكیان لە ئەدەبی جیهانی و هەندێكی تریان زادەی خەیاڵی خودین، زۆربەی هەرە زۆری ئەو تابلۆیانەش بوونەتە مایەی سەرسامی و تێرامانی بینەران، بەڵام هیچ شاكارێك هێندەی ئەم تابلۆیەی ئەلفرێد ژێلیۆ (١٨٤٤ـ ١٩٢٦) نەبۆتە جێی مشتومڕی ناوەندی هونەری شێوەكاری و تەنانەت هەندێك لە زانستە مرۆییەكانیش، ناوبانگی ئەم تابلۆیە لەوەدایە؛ هیچ كات دوو كەس كۆك نابن لەسەر ئەوەی بابەتی تابلۆكە دوایین ماچی ماڵاواییە كە پڕە لە نائومێدی و خەمناكی یان هەناسەی بوژاندنەوەیە كە لێوانلێوە لە گەشبینی و بەخشندەیی بە ژیان، تەنانەت هەردوو بۆچوونەكانی پێشوو لە تاكە كەسێكدا لە كاتێكەوە بۆ كاتێكی تر جێگۆركێ دەكەن.

بەپێی لێكۆڵینەوەكانی زۆربەی توێژەرانی دەروونی؛ ئەم بابەتە زیاتر پەیوەندی بە لایەنی خودیی بینەرەوە هەیە، هەر كەسێك لە دۆخی ڕەشبینیدا بۆی بڕوانێت بەوە لێكی دەداتەوە كە ژنەكە مردووەو خۆشەویستەكەی دوای خنكان تەرمەكەی لەناو ئاوەكە دەدۆزێتەوەو وەك وەفاو خەمخۆرییەك ماچی دەكات و هەوڵدەدات بەلەمەكە ڕاست بكاتەوەو تەرمەكە بەرزبكاتەوەو بەرەو وشكایی ببات، لە بارێكی تردا ئەگەر بە گەشبینی بۆی بڕوانێت دەبینێت ژنەكە لە دوایین ساتەكاندایەو پیاوەكە هەوڵدەدات لە ڕێگەی هەناسەی بووژاندنەوەوە دووبارە بە ئاراستەی مانەوە ژیانی پێ ببەخشێتەوە.

شوێن ناوەڕاستی دەریایەو ئەوەی لە تابلۆكەدا دەبینرێت كەشێكی نالەباری تێكشكانی بەلەمێكە لەناو شەپۆلەكاندا؛ كە لەسەردەمەكانی بەر لە پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا یەكێك بووە لە زۆرترینی ڕووداوە دڵتەزێن و كارەساتبارەكان و سەفەركردن لە ڕێگەی دەریاوە گەورەترین سەركێشی و سەرەڕۆیی ڕێگەی هات و نەهاتبووە، پیاوەكە وێرای كەتەیی و كەڵەگەتی و گەورەیی قەبارەی جەستەی نیشانەكانی هەژاری و شەپڕێوی بە جلوبەرگەكەیەوە دیارە، هاوبار جەستەی ژنەكە زۆر لاوازەو تەنانەت جلەكەشی لەبەر كۆنی هەڵپرووكاوەو لە ڕزین نزیكبۆتەوە، بە دیوێكی تردا قوربانییەكە هیچ جۆرە خشڵ و كەرەستەیەكی جوانكاری بە دەستومەچەك و گوێ و گەردنییەوە نابینرێت وەك بەڵگەی تەواو لەسەر هەژاری و بێ دەرامەتی، لە دیوی پشتی تابلۆكەوە پاشماوەی بەلەمەكە تێكشكاوەو بە داروو خاوی لە چركەساتەكانی نقومبووندایە، وێرای بریسكەی شەپۆلەكان ڕەنگی ڕەش و بۆر كە دوو ڕەنگی خەمۆكن تێكەڵی هەموو ڕەنگەكان بوونەو بەهۆیەوە جەستەی قوربانییەكە زۆر بە زەقی دەركەوتووە، بەلەمە ڕەشەكە كە هەردوو كاراكتەرەكەی لەخۆیدا كۆكردۆتەوە لە جووڵەیەكی سەیردا لە نێوان نقوومبوون و ڕاستبوونەوەدا سەر لە بینەر دەشێوێنێ. دواجار لەسەر هەمان هەستەوەری لەنگەر دەگرین بەوەی ئەم تابلۆیە وێرای ئەو تراژیدیایەی لە مەتنیدایە هاوبار لە نێوان گەشبینی و نائومێدیدا سەر لە بینەر دەشێوێنێ.

دەروونناسان هاوشێوەی ڕەخنەگران دیدو بۆچوونی زۆریان لەسەر تابلۆكە هەیە، بە گەڕانەوە بۆ چیرۆكی ئایینی و ئەفسانە دێرینەكان زۆرترین شیكردنەوەی هێمای دەروونییان لەسەركردووە؛ لە زۆربەیاندا بە ناراستەوخۆ باسی دژوارییەكانی ژیانی نەداران و سەختی ڕۆژگاری هەژاران كراوە، بەپشتبەستن بە ئەفسانە دێرینەكان دەریا ژیانە بە هەموو پەنهانییەكان و نادیاری چارەنووسەوە، مرۆڤی بێ دەسەڵات هەمیشە لە بەربەرەكانیدایە بۆ پاراستنی خۆی و دەوروبەرەكەی كە لەم تابلۆیەدا لە بوونی مێینەیەكی بێ دەسەڵاتدا بەرجەستەكراوەو پیاوەكە بە دیار بەلەمە شڕێكەوە بێ وچان هەوڵدەدات لە ڕووتی و مردنی ڕزگار بكات.

* شێوەكاری فەرەنسی ئەلفرێد ژێلیۆی سەر بە ڕەوتی شێوەكاری پریتۆن، لەدایكبووی شاری كۆنكارنۆ (باكووری فەرەنسا) لە ١٢ی سێپتامبەری ساڵی ١٨٤٤ـە، باوكی كشتیارو ڕاوچی بووە، دواتر بۆ ماوەی (١٥) ساڵ سەرۆكی شارەوانی كۆنكارنۆ بووە. ناوبراو سەرەتا لەسەر دەستی ثیۆدۆر لۆمۆنیە (١٨٨٨-١٨١٥) فێری كاری دیزاینەری بووە، ساڵی ١٨٦٢ بۆ ماوەیەكی كورت لە پاریس دەچێتە ئەكادیمیای سویس و دواتر خۆی لە شوێنكاری الیخاندرا كاپاناڵ دەبینێتەوەو لەوێ چاوی بە چەندین گەورە هونەرمەندی شێوەكاری دەكەوێت وەك جۆل باستیان لۆباژ، فرناندۆ كۆرمۆن،ل تیوفڵ دیرۆڵ، دەبنە سەرەتای گۆڕانكاری لە ژیانی و دەست لە كاری ئەندازەی بیناسازی دەكێشێت و خۆی بۆ شێوەكاری تەرخان دەكات. لە نێوان ساڵانی ١٨٨٩ ـ ١٩٠٠ بە هۆی نمایشكردنی بەرهەمەكانییەوە لە پاریس چەندین خەڵاتی پێ دەبەخشرێت، دواتر دەگەڕێتەوە كۆنكارنۆی جێ زاو تا مردن هەر لەو شارە دەمێنێتەوە، دەخزێتە بواری سیاسەتی ناوخۆو دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی گەلەری هونەرە جوانەكان لە كیمبێ. ساڵی ١٩٢٦ بە هۆی نەخۆشییەكانی پیرییەوە كۆچی دوایی دەكات و هەر لە شارەكەی خۆی بەخاك دەسپێردرێت.

مێژووی تەلەفزیۆن لە کەرکوک

سمکۆ بەهرۆز (ئەڕێ)

(بەشی چوارەم)

***کەناڵی ئاسمانیی کەرکوک:-**

لەسەر بڕیاری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خوالێخۆشبوو (مام جەلال) تەلەفزیۆنی لۆکاڵی کەرکوک لە ١ی حوزەیرانی ٢٠١١ کرا بە کەناڵێکی ئاسمانیی بەشێوەیەکی (تێست)و لە ٣ی ئەیلولی ساڵی (٢٠١١)ی زاینی پەخشی کەناڵەکە لەسەر فریکوێنسی (١٠٧٨٥) لەسەر مانگی دەستکردی (نایلسات) بە شێوەیەکی فەرمی لە ڕێو ڕەسمێکی شایستەدا کرایەوە، وەکو کەناڵێکی ڕێخکراو بەمەبەستی ڕاگەیاندن، ڕووناکبیری، تەرفیهی... هتد.

ئەم کەناڵە ئاسمانییە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، تورکمانی، ئاسووری پەخشی خۆی دەست پێکرد وەکو پێکەوە ژیانێکی ڕاستەقینەی هەموو نەتەوەکان و پێکهاتەکانی کەرکوک، گەلێك بەرنامە و ڕیپۆرتاژ و هەواڵی جۆراو جۆری بەزمانەکان پێشکەش کردووە.

ئامێرەکانی ئەم کەناڵە لەلایەن کۆمپانیای (میدیای جی کاسنتە)وەیە، کەلەلایەن ئیدارەی گشتیی یەکێتیەوە دابینکراوە بە (٣ مێگا) لەسەر مانگی دەستکردی (نایل سات) بە سیستەمی (**SD**)، کە پارچەکانی هی سێ کۆمپانیای ئیشێت کەنەدی، ئەڵمانی و بەکامیرای (سۆنی دی ئێکس دی ٥٥)، کە ئینی کۆ دەرەکەی سۆنی ئیلیکۆسۆنە و سێڤەرەکەی (**DEE**٢)ە.

*لەگەڵ دامەزراندنی بەشی تەکنیك لە کەناڵی ئاسمانیی کەرکوك کەوتە بارێکی گونجاو بە شێوەیەکی مۆدرێرن یەکەی جۆراو جۆری بۆ کرایەوە بەسەرپەرشتی ئەندازیار حەمە عەلی.

بەم شێوەیە خوارەوە:

- یەکەی (ئەپڵینگ)
- یەکەی (ڕەسیڤ)
- یەکەی (ئێس ئێن جی).
- یەکەی (تەکنیکی ستۆدیۆ).
- یەکەی (کارەبای مولیدە)
- یەکەی (پەخشی لۆکاڵی).
- یەکەی (وەرشەی چاککردنەوە).
- یەکەی (**MCR**).
- یەکەی (ئایتی).

***کارمەندەکانی ئەم یەکانە بریتی بووە لە :**

عوسمان عومەر، عەباس عوسمان، ئەمیر بایز، زانا عەبدولخالق، عەبدوڵڵا عەلی، لوتفوئەڵڵا، فوئاد عوسمان، جەلیل جەبار، محەمەد حەمەڕەش، ئیبراهیم عوسمان، عەبدوڵڵا لوتفوڵڵا، بەختیار عیزەدین، هەژار مەجید، کۆسرەت عیزەدین، سیداد فەخرەدین، فەرهەنگ عەبدولڕەحمان، هەژار حەکیم، ئاراس قادر، سەربەست سەعید، تالیب ئەحمەد ئەنوەر، کاردۆ فەریق، ئامانج ئەبو بەکر، خالید وەلی.

***بەشی ئیدراە بریتیە لەم یەکانە:** خۆیەتی، شۆفێران، گەنجینە، خزمەتگوزارییەکان، پرسگە، بەدالە

***بەشی هەواڵ بریتی بوو لە:** ئەرشیف و مۆنتاژی هەواڵ، وەرگێڕان، پەیامنێران.

***بەشی هونەری بریتی بوو لە :** مۆنتاژ، کامیرە، ئینارە (ڕووناکی) کۆنترۆڵی ستۆدیۆی بەرنامەکان، کۆنتیرۆڵی ستۆدیۆی هەواڵ، ستۆدیۆی دەنگ و دۆبلاژ، **MCR**، گرافیك

***بەشی پەیوەندییەکان بریتی بوو لە :** ئاگاداری و ڕیکلام، گوافێر

***بەشی بەرنامەکان بریتی بوو لە:** ئەرشیف، تەنسیق، دیکۆر، منداڵان، دۆکیومێنیت

***بەشی ژمێریاری**

***بەشی سایتی کەرکوك TV**: بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی هەواڵ و ڕاپۆرت ورووداوەکانی ڕۆژانە بڵاودەکاتەوە.

***بەرنامەکانی کەناڵی ئاسمانیی کەرکوك:**

١- هەواڵەکانی:

ڕۆژانە پێنج هەواڵی سەرەکی هەیە بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی و کلدو ئاشووری و ڕاپۆرت و ڕێپۆرتاژ و پەیوەندی بە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییەکانەوە هەیە. هەروەها لە ماوەی پەخشەکەیدا شریتی هەواڵەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی دەڕوات و ڕۆژانە بۆ ماوەی پانزە خوولەك هەواڵی وەرزشی بە زمانی کوردی ڕاستەوخۆ پێشکەش دەکرێت.

٢- بەرنامەی (دەست ڕەنگینی):

بەرنامەیەکی تۆمارکراوی مەیدانییە، دوو هەفتە جارێك پێشکەش دەکرێت، باس لەدەست ڕەنگینی کارو پیشەی جیاواز دەکات لە چۆنێتی دروستکردن و ئامادەکردن و بەکارهێنانی ئەو کەرەستانە کە لەژیانی ڕۆژانەی خەڵکیدا پێویستن و هەر بابەتێك جیاوازە لەوی تر وەکو: (ئاسنگەری، زێڕینگەری، فەرش چنین... هتد).

٣- بەرنامەی (پەروەردەی نوێ):

بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆیە، دوو هەفتە جارێك پێشکەش دەکرێت و باسی لە پەروەردەو کەم و کوڕییەکانی خوێندنگاکان دەکات.

٤- بەرنامەی (هەڵوەستە):

بەرنامەیەکی تۆمارکراوە، دوو هەفتە جارێك پێشکەش دەکرێتء باس لە کێشەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی دەکات، میوانداری ئەو کەسانە دەکات کە پسپۆرن لە بواری ئەو بابەتانەی کە دەخرێتەڕوو.

٥- بەرنامەی (ماچۆ . وەماچۆ):

ئەم بەرنامەیە بە ماچۆ زمان، دوو هەفتە جارێك پێشکەش دەکرێت، بەرنامەیەکی ڕۆشنبیری، هونەری، میوزیك، کلتوری تۆمارکراوە.

٦- بەرنامەی (تەندروستی):

بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی هەفتانەیە، هەر جارەی دکتۆرێك دەبێت بە میوانی بەرنامە و بابەتێك دەڕووژێنی لە بواری پزیشکی و هاووڵاتیان بەشداری تێدا دەکەن.

٧- بەرنامەی (ڕەهەند):

بەرنامەیەکی تۆمارکراوی مەیدانی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و هونەرییە، دوو هەفتە جارێك پێشکەش دەکرێت، ڕۆماننووس، شاعیر، ئەدەبی دەبنە میوانی بەرنامە.

٨- بەرنامەی (گەرچەکلەر):

بەرنامەیەکی تۆمارکراوی مەیدانیی دوو هەفتە جارێك پێشکەش دەکرێت بەزمانی تورکمانی و باسی هونەرو ئەدەب و گۆرانی و شیعرو میوزیك دەکات.

٩- بەرنامەی (دیداری دووشەمە)

بەرنامەیەکی هەفتانەیە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆی لە ڕۆژانی دووشەممە پێشکەش دەکرێت، باس لە خزمەتگوازییەکان و کەم کوڕییەکانی دەکات میوانداری دەکرێت و هاووڵاتیان ڕاستەوخۆ بەشداری دەکەن لەڕاو و بۆچۆنەکان.

١٠- بەرنامەی (ئۆلۆمپیك):

بەرنامەیەکی وەرزشیە، ڕاستەوخۆ لە ستۆدیۆ ئامادە دەکرێت و هەفتەی جارێکە، ڕاپۆرتی هەواڵ و چالاکی وەرزشی لە خۆدەگرێت، هەروەها ئەو کەسانەی کە لەو بوارەدا پسپۆرن میوانداری دەکرێن لەبەرنامەکە و هاووڵاتیانیش بە تەلەفۆن بەشداری دەکەن.

١١- بەرنامەی (الملف):

بەرنامەیەکی سیاسیە، دووهەفتە جارێك پێشکەش دەکرێت بە زمانی عەرەبی باسی باروو دۆخی سیاسی کوردستان و عیراق دەکات، میوانداری کەسایەتییە سیاسییەکان دەکات.

١٢- بەرنامەی (کرۆك):

بەرنامەیەکی سیاسییە، هەفتەی جارێك بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێشکەش دەکرێت، باس لە کێشە سیاسییەکانی کوردستان و عیراق دەکات، کەسایەتییە سیاسییەکان و هاووڵاتیانیش بەشداری دەکەن.

١٣- بەرنامەی (ژیانی لادێ):

بەرنامەیەکی مەیدانی تۆمارکراوە، دوو هەفتە جارێك پێشکەش دەکرێت، باسی ژیانی لادێی گوندەکانی دەڤەری کەرکوك دەکات و ژیانی ڕۆژانەیان بەسەر دەکاتەوە. ئەم بەرنامەیە لە ئامادەکردن و پێشکەش کردنی محەمەد سەید بوو، بەڵام لە کۆتاییەکاندا چەند هەڵقەیەکی نێرگز قادر پێشکەشی دەکرد و لە ساڵی ٢٠١٧ ڕاگیرا.

١٤- بەرنامەی (بیرەوەی پێشمەرگە):

بەرنامەیەکی مەیدانییە و تۆمارکراوە و دوو هەفتە جارێك پێشکەش دەکرێت بە زمانی کوردی، هەموو ئەو پێشمەرگە دێرینانە بەسەر دەکاتەوە و چالاکییەکانیان دەخاتە ڕوو لە ئامادە کردن و پێشکەش کردنی هێمن مەولوود بوو.

١٥- بەرنامەی (ڕەنگاڵە):

بەرنامەیەکی هەفتانەی ڕاستەوخۆ بوو لە ستۆدیۆ پێشکەش دەکرا بۆ خۆشی، کە پرسیار و دیارییە و هاووڵاتیان بە تەلەفۆن بەشداری دەکرد و دواتر سێ کەس دەبوونە براوەی خەڵاتەکان.

١٦- بەرنامەی (گوزەلسەسی):

بەرنامەیەکی تۆمارکراوی هونەری و میوزیکیی بوو، هەفتە جارێك پێشکەش دەکرێت و میوانداری گۆرانیبێژ و هونەرمەندە میللییەکان دەکات، تیپێکی تایبەت بە موزیکی بەرنامەکە هەیە.

١٧- بەرنامەی (میلۆدی):

بەرنامەیەکی تۆمارکراوی هونەری مۆسیقییە، دوو هەفتە جارێك پێشکەش دەکرا و میوانداری گۆرانیبێژ و هونەرمەندە میللییەکانی کوردی دەکرد، تیپێکی تایبەت بە مۆسیقای بەرنامەکە هەبوو،

١٨- بەرنامەی (گزنگ):

بەرنامەیەکی تۆمارکراوی هونەری، ڕۆشنبیری، ئەدەبییە دوو هەفتە جارێك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێشکەش دەکرێت.

١٩- بەرنامەی (ساتێك بە یارمەتیت):

بەرنامەیەکی هەفتانەی مەیدانی تۆمارکراوە، باس لە بابەتەکانی: مێژوو، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، شوێنەواری دەکات، هەر جارەو ڕاپۆرتێکی دۆکیۆمێنتاری لەسەر بابەتێکی دیاری کراو پێشکەش دەکات کە تایبەت بە کەرکوك.

٢١- بەرنامەی (پۆرۆماکس):

بەرنامەیەکی تۆمارکراوە، دوو هەفتە

جارێك پێشکەش دەکرێت، کاری جوان و پۆختی هونەرییە جیهانییەکانی دەخستەڕوو.

٢٢- بەرنامەی (سەمای پەپوولەکان):

بەرنامەیەکی هەفتانەی راستەوخۆ، پێشکەش دەکرا. منداڵە چاووگەشەکان بەتەلەفۆنی بەشداری دەکەن، چەند راپۆرتێك لە خۆ دەگرێت کە لەسەر باخچەی ساوایان و قوتابخانەکان ئامادە کراوە.

٢٣- بەرنامەی (تابلۆ):

بەرنامەیەکی هەفتانەیە، بەشێوەیەکی تۆمارکراو پێشکەش دەکرێت، وانەی نیگارکێشان دەوترێتەوە بۆ فێرکردنی منداڵان لە چۆنێتی کێشانی وێنە و نێگارکێشان، هەروەها تابلۆی منداڵە بەهرەمەندەکان نمایش دەکرێت لە بەرنامەکەدا.

٢٤- بەرنامەی (PRESS . پریس) :

ئەم بەرنامەیە بە زمانی کوردی و عەرەبی پێشکەش دەکرێت، هەفتەی پێنج رۆژ بە تۆمارکراوی، گەشتێك بە ناو رۆژنامە جیهانی و ناوخۆییەکاندا دەکات و بابەتە گەرم و سەنج راکێشەکان پێشکەش دەکات: کۆمەڵایەتی، سیاسی، مێژوویی.

٢٥- بەرنامەی (NO COMMENT)

بەرنامەیەکی رۆژانەیە، رووداو هەواڵە جیهانییەکان بە وێنە پێشکەش دەکات.

٢٦- بەرنامەی (ئەمڕۆ لە مێژوودا):

بەرنامەیەکی رۆژانەیە باس لەو رۆژانە دەکات کە لە هەمان رۆژدا لە مێژوودا رووی داوە لە رووداوە جیهانییەکان بە شێوەی وێنە و خوێندنەوە پێشکەش دەکرێت.

٢٧- بەرنامەی (جیهانی سەنج راکێشان):

بەرنامەیەکی تۆمارکراوە، کارو بابەتی سەیرو سەمەرەی جیهانی هەمەجۆرە پێشکەش دەکات لەڕۆژانی هەینیدا، بەشێوەی وێنەو خوێندنەوە پێشکەش دەکرێت.

٢٨- بەرنامەی (گەشتی ژیانم):

بەرنامەیەکی یاداشتییە کە دوو هەفتە جارێك پێشکەش دەکرا، کە هەر جارەی کەسایەتییەکی کەرکوکی بەسەر دەکردەوە لە ئامادە کردنی سمکۆ بەهرۆز بوو.

٢٩- بەرنامەی (کەڤنار . کەونار):

ئەم بەرنامەیە دوو هەفتە جارێك ئامادە دەکرا، کە باس لە شوێنەوارەکانی کوردستان دەکرد، ١٠ هەڵقەی لێ تۆمار کرا لە نووسین و ئامادەکردنی سمکۆ بەهرۆز بوو.

٣٠ بەرنامەی (گەوهەرەکان):

بەرنامەیەکە لە ئامادەکردنی (هەڵمەت هۆشیارە) دوو هەفتە جارێك پێشکەش دەکرێت هەر جارەی کەسایەتییەکی رۆشنبیری بەسەر دەکاتەوە.

٣١- بەرنامەی (ریتواڵ):

بەرنامەیەکی هونەری شانۆییە لە لایەن (شکۆ عومەر) ئامادە و پێشکەش دەکرێت، هەر دوو هەفتە جارێك.

٣٢- بەرنامەی (مێرگ):

بەرنامەیەکی تۆمارکراوی دوو هەفتە جارێکە، هەر بەرنامەی باس لە گوندێکی کوردستان دەکات.

٣٣- بەرنامەی (کانیاوی باوەڕ)

بەرنامەیەکی تۆمارکراوی هەفتانەی ئایینییە کە باس لە ئاینی و پەیوەندی بە کۆمەڵگە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەکات.

٣٤- بەرنامەی (من دەپرسم):

بەرنامەیەکی مەیدانی تۆمار کراوە، کار لەسەر پرسی سیاسی ناوچە جێ ناکۆکەکان دەکات و لە کێشە و چارەسەرەکانیان دەکۆڵێتەوە کە لە لایەن (نێرگز قادر)وە ئامادەو پێشکەش دەکرێت.

٣٥- بەرنامەی (بەیانیت باش . بەیانی کەرکوك):

بەرنامەیەکی رۆژانەیە بۆ ماوەی دوو سەعات کە لەلایەن ستافی بەشی بەیانیانەوە ئامادە و پێشکەش دەکرێت کە بریتیە: نێرگز قادر، فارس نەوزاد، ئارام پەشێو، عەزیزە وەلی، سارا عەباس، شالاو بەکر، هاوناز هۆشیار، دیلان بەرزان، بیلال نیهاد، هەر لەساڵی (٢٠١٠)ەوە بەردەوامە و تاکو ئێستاکە.

٢٦- بەرنامەی (بابەتی رۆژ):

بەرنامەیەکی مەیدانییە، دەربارەی پرسە کۆمەڵایەتییەکان، سیاسییەکان رای هاوولاتیانی تێداوەردەگرێت، هەفتەی دووجار.

٣٧- بەرنامەی (گەنجان):

بەرنامەیەکی مەیدانییە، هەفتەی یەك جار، دەربارەی رای گەنجان لەسەرجەم چین و توێژەکان وەردەگرێت سەبارەت بە بابەتە هەنوکەییەکان ئامادە کردنی بەرزا مەلا ئەمین، پێشکەشکردنی فارس نەوزاد.

٣٨- بەرنامەی (قضية للمناقشة):

بەرنامەیەکی تۆمارکراوە و راستەوخۆیە، بە زمانی عەرەبی لە ئامادە کردن و پێشکەش کردنی فارس تالیب.

٣٩- بەرنامەی (مێخەك):

بەرنامەیەکی دوو هەفتە جارێك دەربارەی پرسی ژنانەوە بوو کە لەلایەن یەکێتی ژنانی کوردستانەوە ئامادە دەکرا و بەناز سەعید پێشکەشی دەکرد.

٤٠- بەرنامەی (چیرۆکی من):

بەرنامەیەکی مەیدانی هەفتانەیە دەربارەی ژیان و گوزەرانی پیشەوەران لە کەرکوکدا و کوردستاندا.

٤١- بەرنامەی (رێبەری هاتووچۆ):

بەرنامەیەکی هۆشیارییە کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی کەرکوکەوە ئامادەو پێشکەش دەکرێت.

٤٢- بەرنامەی (ژیانێکی تەندروست):

بەرنامەیەکی هۆشیاری تەندروستی هەفتانەیە لەلایەن ژیر محەمەد و محەمەد عەلی ئامادە و پێشکەش دەکرێت.

٤٣- بەرنامەی (رێنوین):

بەرنامەیەکی پەروەردەیی رۆشنبیری هەفتانەیە لەلایەن د. بەختیار کەمال تاڵەبانی پێشکەش دەکرێت..

٤٤- بەرنامەی (لە یادتان ناکەین):

بەرنامەیەکی تایبەت بوو بە شەهیدانی شەڕی داعش، لە ئامادە و پێشکەش کردنی نێرگز قادر، هەفتەی جارێك مەیدانی بوو.

٤٥- بەرنامەی (بەدواداچوون):

بەرنامەیەکی راستەخۆی خزمەتگوزاری و مەیدانی بوو هەفتانە بوو لە ئامادەکردن و پێشکەش کردنی نێرگز قادر.

٤٦- بەرنامەی (من دەپرسم):

بەرنامەیەکی هەفتانەی راستەوخۆ بوو، ئامادە و پێشکەش کردنی نێرگز قادر کە لە (٢٠٢٠) بەردەوام بوو لە وەرزێکی تەواودا.

٤٧- بەرنامەی (نێرگز):

بەرنامەیەکی خزمەتگوزاری، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیریی بوو، راستەوخۆ لە ستۆدیۆ پێشکەش و ئامادە دەکرا لەلایەن نێرگز قادر لە ٢٠١٩ . ٢٠٢٠،

٤٨- بەرنامەی (سینەمای منداڵان):

بەرنامەیەکی هەفتانە بوو کە نەژاد نەجم ئامادەی دەکرد و هونەر پێشکەشی دەکرد، لە ئێستادا وەستاوە.

٤٩- بەنامەی (گەڕەکەکانی کەرکوك لە روانگەی مێژووەوە):

بەنامەیەکی دیکۆمێنتاری ناوە ناوەیە لە لایەن سمکۆ بەهرۆز ئامادە و پێشکەش دەکرێت تاکو ئێستاکە ٢٢ گەڕەکی لێ ئامادە کردووە.

پێشەنگییەکانی پرۆفیسۆر «پاکیزە ڕەفیق حیلمی» لە زانست و ئەدەب و ڕۆژنامەوانیدا..

عەبدولستار جەباری

ژنانی کورد بە درێژایی مێژوو سەلماندوویانە لە هەموو بوار و کایەکانی ژیاندا، بە باشی ڕۆڵی خۆیان بینیوە. یەك لەو ژنە پێشەنگانە پاکیزە ڕەفیق حیلمییە، کە خودان چەندان بەهرەیە لە بوارەکانی زانست، ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەڤانیدا. بەپێی ئەو دروشمەی، کە لە سەروتاری ژمارەی ١ی گۆڤاری «الادیب العراقی»* ئاماژەی پێ داوە، دەڵێت: «چەکمان زمانمانە و هەر تەنیا زمانی کوردە، زمان چەکی بیروباوەڕە، ڕەگی ژیانی نیشتمانپەروەرییە، ڕوونکردنەوەی تاریکی مێژوو، خاوکەرەوەی گرێبەندی و نەفامییە و بخوێنە ئەی کورد، بیرکەرەوە، ئامانجی خۆتت بە هەموو دنیا بگەیێنە(*) دێتە مەیدانی زانست و ڕۆژنامەڤانی و کولتووری کوردییەوە و درێژەی بە خزمەتی زمان و کولتووری کوردی داوە.

پرۆفیسۆر پاکیزە ڕەفیق حیلمی(**)، لەو دەمەی باوکی ڕاوێژکار و برواپێکراوی مەلیکی کوردستان شێخ مەحموودی حەفید بووە، لە ڕۆژی بۆردمانی شاری سلێمانی و لەو دەمەی خەڵکەکە چۆڵیان کردبوو، لە ڕێکەوتی ٨-٤-١٩٢٤ لە ئەشکەوتی «سووورداش» لە دایك بووە، لە ساڵانی ١٩٣١-١٩٣٧ لە شاری سلێمانی بە زمانی کوردی بە یاوەریی ژمارەیەك لە کچ و کوڕانی شار، لە حوجرەی مەلا ئامینە (مامزە) بۆ ماوەیەکی کورت خوێندوویەتی. ساڵی ١٩٣١ چووەتە قوتابخانەی سەرەتایی و ساڵی ١٩٣٧ خوێندنی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٣٨ ماڵی پاکیزەخان بۆ بەغدا دەگوازرێتەوە و لەوێ قۆناخی ئامادەیی (بە عارەبی) دەخوێنێت، پاشان خانەی مامۆستایانی بڕیوە. دوای دەرچوونی لە خانەی مامۆستایان، بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی کچانی سلێمانی (سدیقە) دامەزراوە.

ساڵی ١٩٤٨ سەرلەنوێ دەستی بە خوێندن کردووەتەوە و خانەی مامۆستایانی باڵای تەواو کردووە، بە پلەی دووەمی پۆلەکەی دەرچووە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەدەست هێناوە. ساڵی ١٩٤٩ لە زانکۆی (هارڤەرد)ی ئەمریکایی، لە بەشی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان - زمانە سامی و ئێرانییەکاندا وەرگیراوە، ساڵی ١٩٥١ بڕوانامەی ماستەری لەو بەشەدا بەدەست هێناوە. بەمەش دەبێتە یەکەمین قوتابی عێراقی بڕوانامەیەکی لەو جۆرە وەدەست بهێنێت. هەر لەو ساڵەدا گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە کۆلێجی ئاداب زانکۆی بەغدا وەك مامۆستای زمانەوانی و مێژووی کۆنی ڕۆژهەڵات دامەزراوە. هەمان ساڵ بۆ وەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زمانەوانیدا بۆ لەندەن نێردراوە.

لە ساڵی ١٩٥٢ پاکیزە هاوسەرگیری کردووە و ژیانی خێزانیی پێکهێناوە. لە ساڵی ١٩٥٤دا نێردراوەتە زانکۆی قاهیرە بۆ وەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکاندا، وەلێ لەبەر هەندێك هۆی خێزانییەوە خوێندنی لەوێ بۆ تەواو نەکراوە. لە ساڵی ١٩٥٨وە وەك یەکەمین ئافرەت لە مێژووی نەتەوەی کورددا، بووەتە سەرۆکی بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا و بۆ چەندان ساڵ لەو پلەیەدا ماوەتەوە. لە مانگی تەمووزی ١٩٦١ دەکرێتە سەرنووسەری

«مولحەقی کوردی گۆڤاری/ الادیب العراقی» بەمەش دەبێتە یەکەمین ئافرەتی کورد لە مێژووی ڕۆژنامەڤانیی کوردیدا ئەم پلەیەی بدرێتێ. لە ساڵانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨دا، وەك مامۆستای میوان لە زانکۆی بەرلین، وانەی هەردوو زمانی کوردی و عارەبیی گوتووەتەوە. لە ساڵی ١٩٧٠دا دیسانەوە وەك یەکەمین ئافرەتی کورد، دەبێتە ئەندامی کۆڕی زانیاریی کورد. لە ساڵانی ١٩٧٧ - ١٩٨٦دا وەك مامۆستای میوان لە زانکۆی عەمان وانەبێژی دەکات. ساڵی ١٩٨٦ گەڕاوەتەوە بۆ وەڵات، لەسەر خواستی خۆی لە زانکۆی سەلاحەددین دامەزراوە، پاشان لە ساڵی ١٩٩٠دا خانەنشین کراوە. ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٨/١٣ بەیەکجاری ماڵئاوایی لە ژیان دەکات.

جگە لەوانەی ئاماژەمان پێ دا، مامۆستا پاکیزە یەکەمین ئافرەتی کورد بووە لە کۆمەڵەی پاشایی بەریتانی (r.a.s) و یەکێتیی ئەدیبانی کورد و یەکێتیی مێژوونووسانی عێراق بووە بە ئەندام. کۆی گشتیی بەرهەمە هزری و ئەدەبی و زمانەوانییەکانی مامۆستا پاکیزە بریتین لە سەتان وتاری زمانەوانی لە گۆڤارە ناسراوەکانی عێراق و ئوردن هاتوونەتە وەشاندن. کۆمەڵە شیعرێکی بە ناوی (کورد و ژیانێکی پڕ ئەندێشە) بڵاوکردووەتەوە، فەرهەنگی: کوردی فارسی پەهلەوی کۆن (دەستنووس)، کتێبی ڕێزمانی کوردی لە ڕوانگەی زمانەوانی نوێوە، دەیان وتاری زمانەوانی لە ڕادیۆی بەغدا بڵاو کراونەتەوە.

سەرچاوە:

١. کتێبی یاد و ئافەرینی عەقیلە ڕەواندزی وەرگیراون.
٢. کتێبی ١٠٠ ناوداری کەرکوك و گەرمیانی/ عومەر عەلی شەریف/ چاپخانەی ئارۆ ٢٠١٩.
٣.کتێبی «ئینسکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەری کوردی» جەمال خەزنەدار/ ٢٠١١.

*** بڕوانە: ژمارەی ١ی مولحەقی کوردیی گۆڤاری «الادیب العراقی».**
**** ڕەفیق حیلمی، باوکی لە ساڵی ١٨٩٨ لە شاری کەرکوك لەدایکبووە.**

گەڕەکەکانی کەرکوك لە روانگەی مێژووەوە

سمکۆ بەهرۆز (ئەژی)

بەشی پێنجەم

گەڕەکی (بەگڵ ـ بەگلەر)

لە گەڕەکە کۆنەکانی بەشی قۆرییە، هەر لە ناوەکەیەوە دیارە کە دانیشتوانی بەگەکانی کۆمەڵگەی کەرکوکی و کار بەدەستە گەورەکانی سەردەمی عوسمانی تێدا نیشتەجێ بووە، ئەم گەڕەکە بە تەنیشت گەڕەکی شاتەرییەوەیە لە باکوور و گەڕەکی (ساری کەهیە) لە باشوورەوە، لە کۆڵانە بە ناوبانگەکانی ئیمام عەباس، ئاغالار، تەعلیم تەپە، سەید خدر ئۆجاغی، زۆرناچیلەر، شاتورلو، هورمزلولەر.

ئەم گەڕەکە رۆژئاوای بەری قۆریە دەگرێتەوە، لە دار زەیتونەکانی گاوورباغی تاکو دار زەیتونەکانی گەڕەکی ئەڵماس، شەقامی زێڕی رەشی بەر رۆژهەڵات دەگرێتەوە، لە گەڕەکە گەورە و دێرین و چڕ و پڕەکانی شاری کەرکوکە.

بناغە و ئاوەدانکراونەوە و دامەزراندی ئەم گەڕەکە لەسەر دەستی هۆزی گل بووە، ژمارەیەکی زۆر هەر لە سەردەمانی زووەوە لەم گەڕەکە لە خێزانەکانی (گل)ی تێدا نیشتەجێ بوونە و بایەخ و گرنگیان بەم گەڕەکە داوە و تایبەتمەندی هۆزی گلی بە تایبەتی تێدا رەنگی داوەتەوە. تەنانەت زمان و زاراوەی گلیش رەنگدانەوەی خۆی هەبوو بە سەریاندا.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم گەڕەکە فرۆشتنی گڵێکی تایبەت و ناسراو بە گڵی (گڵەسەر). ئەم گڵە بەکار دەهێندرا بۆ شۆرینی سەری ژنان و تایبەتمەندی ئەم گڵە لەوەدا بوو کە سەرو قژی ژنانی نەرم و خاو دەکردەوە. ئەم گڵەیان لەسەر پشتی گوێدرێژ بە گەڕەکەکانی کەرکودا دەگێڕا و بەکیلۆ بە خەڵکیان دەفرۆشت، بۆیە (گڵ ـ گڵ) بەناوی ئەم هۆزەوە ناوبانگی دەکردووە.

هۆزی (گل ـ گیل) مێژووییەکی دوور و درێژی هەیە، لە هەرێمە جیا.. جیاکانی کوردستان بوونیان هەبوو، کە بۆ سەردەمی (ماددەکان) دەگەڕێتەوە، لە بادینان بە گوولی، بەناوبانگن.

کەسانێك لە دانیشتووانی ئەو دێهاتانەی نزیك بە زەوییە نەوتییەکان، کە بەرەگەز لە هۆزی زەنگەنە بوون، لەبەری رۆژئاوای کەرکوك نەوتیان دەردەهێنا، لە چاڵی گەورەدا ئاگریان دەداو لە یەکییان جیادەکردەوە، خاوێنەکەیان بە شووشە دەفرۆشت و پیسەکەشی بۆ توونی گەرماوەکان و سووتانی کورەی گەچ و قسڵ بەکار دەهێنا.

کاتێك دەوڵەتی عوسمانی کۆنترۆڵی نەوتی کرد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، ئەم زەنگەنانەیان کردە سەرکاری ئەم کارە و بوونە بەگ و ووشەی نەوچییان پێوەلکا، چونکە پیشەی نەوت فرۆشیان دەکرد، هەر وەکو پیشەکانی تر کاروانچی و پاڵانچی و کوورەچی و حەمامچی و پۆخچی..

ئەم زەنگەنانە دێهاتەکانیان جێهێلا و هاتنە شاری کەرکوك و لەم گەڕەکەدا نیشتەجێ بوو لەلای باکوورەوە خانووی بە نەخشی گەورە و باخچەی جوان و حەوشەی فراوانیان درووستکرد لەسەر زەوی پان و بەرین. لە پەنای ماڵەکانیاندا لە زەوییەکی بچکۆلە گۆڕستانی تایبەت بە خۆیان دەست نیشان کرد، تا مرووديان تێکەڵ بە ئەوانی دی نەبێت، چونکە نامۆبوون لە دانیشتوانی ئەو گەڕەکە، ئێستاش ئەو چەند پارچە زەوییە پڕ نەبۆتەوە لەبەر رێژەی ژمارەیان لەو گەڕەکەدا، هەر بۆیە ناوی گەڕەکەکە لە بەگڵەوە بوو بە گەڕەکی بەگەکان.

بە گوێرەی ساڵنامەی ساڵی ١٥٩٥ ، ١٨٩٦ی زاینی ویلایەتی موسڵ، بەری قۆریەی کەرکوك تا ئەو کاتە بریتی بووە لە سێ گەڕەکی: بەگلەر، شاترلوو، ساری کەهیە، چوار بنەماڵەی بەگزادەی بەڕەسەن کورد لەم گەڕەکی بەگلەرە نیشتەجێ بوونە، بەگەکانی جەلالی کە بە بنەچە دەچنەوە سەر ئێڵی مەزنی (جەلالی ـ گەڵاڵی) کوردی باکوور، بەگەکانی نەوتچی کە بە گوێرەی زۆر سەرچاوە دەچنەوە سەر ئێڵی زەنگەنە، بنەماڵەی مەلا مارف و هەندێك خێزانی بەگزادەکانی گل، کە وا بەردەکەوێت لە سەردەستی شێخ حەمید، لەووڵاتی گلەوە رەهەندی ئەو گەڕەکە بوونە.

مەلا مارف کوڕی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا سولەیمانی خدرییە.

ئەم بنەماڵەیە پشتاو پشت مەلا و مامۆستا ئایینی بوونە و لە تیرەی گەڕاوی ئێڵی زەنگەنەن. مەلا سولەیمانی خدری باپیرەیان دێی گەڕاو بەجێ دەهێڵێت و دێت لە گەڕەکی (بەگلەر)ی قۆرییەی کەرکوك جێنیشین دەبێت، مەلا عەبدوڵڵای کوڕی کە مەلایەکی چاك دەبێ لە مزگەوتی جەلالییەکان لە گەڕەکی بەگلەر دەبێت بە مامۆستا.

مەلا مارف، زانستی ئایینی لای باوکی تەواو کردووە، لەسەردەمی عوسمانییدا لە مەڵاتیە و ئەدەنە قازی شەرع بووە، دوایی بە حاکمی بیدایەتی لە موسڵ کاری کردووە و لە سەر ئەوەی دانووی لەگەڵ والی مووسڵدا نە کوڵاوە، بە هەمان وەزیفە بۆ کەرکوك گوێزاوەتەوە.

جەلالییەکان لە هەر سێ بنەماڵەکەی تر زۆرتر لەوێ نیشتەجێ بوونە، نەوتچییەکان بە هۆی ئەوەوە کە مولتەزیمی سێ بیری نەوت دەرکردن لەو زەوییانە بوونە کە ئێستا بەدەستی کۆمپانیای نەوتەوەن و ناوەکەشیان لەمەوە وەرگرتووە، دەڵێن دەچنەوە، سەر میر سمایل زەنگەنە، بەڵام شەجەرەی بنەماڵەکەیان لە جیاتی میر سمایل، ئیسماعیل ئاغا، ی تێدا یاداشت کراوە، ئەگەر ئەم قسەیە راست بێت، دەبێت خزمایەتی ئەوان و بنەماڵەی مەلا مارفی لەو گەڕەکەدا کۆکردبێتەوە، چونکە بنەماڵەی مەلا مارفیش خۆیان دەبنەوە سەر میر سمایلی زەنگەنە.

ئەم بنەماڵەیە لەگەڵ شێخ عەلی تاڵەبانی دۆستایەتییەکی زۆر تۆندو تۆیان هەبووە و گۆڕی مەلا مارف و مەلا عەبدوڵڵا لە تەکییەی تاڵەبانیدایە.

لە گەڕەکەدا برێك ماڵی (دییان ـ مەسیحی) هەبوون کە ڕاهێباتی مار گۆرگیس بوون لە سەرووی چایخانەی ئەحمەد ئاغای کۆن بوو لە ناو کۆڵانەکەدا.

لە کۆتایی پەنجاکان ژنێکی کلدانی خانووەیەکی بەخشی و کردیانە کلێسە بەناوی (مەریم عەزرا) لە نێوان گۆڕستانی (تەعلیم تەپە)و (حەمام عەلی بەگ).

چیرۆکی تەنزئامێز

نووسینی: د. جەمیل حەمداوی

وەرگێڕانی: خالد کاوێس قادر

١- شێت و پەتیارە:
فەرمانڕەوا بەقودرەتی قادر، هەرچی حەکیم ورۆشنفیکرو عاقڵی ولات هەبوو، رەوانەی نەخۆشخانەی دەروونناسی کردن، سیاسەتیشی تەسلیم بەپەتیارەوشێت وگەمژەی ولات کردو ئاو بێنەو دەست بشۆ.

٢- کورسی:
سی ساڵان سەرۆك کورسی دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو، هەندێك دەڵێن چل ساڵان... پاش هەڵبژاردنەوەی پەرلەمان وگۆڕانکاری لەسوپاو دستوور لەبەرژەوەندی خۆیدا، کورسی شەق وپەق بوو، هەلا هەلابوو، کەچی جەنابی سەرۆك هەر وەك خۆی مایەوە.

٣- کودەتا:
جەنابی سەرۆکی(خۆشەویست) رووی لەدەوڵەتێکی عەرەبی کرد، بەمەبەستی کۆنگرەی رێککەوتنی عەرەبی، کاتێ گەڕایەوە بۆ ولاتەکەی، میللەت دەرگای ولاتیان لەروو داخستبوو.

٤- پەنجەرە:
وەکوو شێت خێزانەکەی خۆشدەویست، لەدەرگاوە بەدڵخۆشییەوە رۆیشتەوە بۆ ماڵەوە، لەپەنجەرەوە خێزانەکەی تورِ هەڵدایە دەرەوە.

٥- تاراوگە:
